***پژوهشنامه ادبیات کردی***
پاییز و زمستان ۱۳۹۹
سال ۶، شماره ۲، پیاپی ۱۰

*Journal of Kurdish Literature*
Autumn and Winter 2020-2021
Vol. VI, No. 2, Series 10

# جۆرە ئەدەبییەکان و کێشەی تیۆری و زاراوەسازییان لە ئەدەبی کوردیدا

موحسین ئەحمەد عومەر[1]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۳۱ تیر ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲۳ بهمن ۱۳۹۹؛ صص. ۱۰۹-۱۳۲

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.881

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی شیکاریی-تیۆری و پراکتیکییە بۆ خوێندنەوەی جۆرە ئەدەبییەکان، واتە ژانرەکان یان چەشنە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا. تا ئەمڕۆ کەمترین توێژینەوە لەم بارەیەوە ئەنجامدراوە، بەڵام لە ئەدەبی جیهانیدا بایەخی زۆر بەم بابەتە دراوە و مێژوویەکی کۆنی هەیە. بە سەرهەڵدانی ڕێبازی مۆدێرنیزمی ئەدەبی، توێژینەوەی ورد لەسەر ئەم مژارە پێشکەش کراوە. لە بەشی یەکەمی وتاری بەردەستدا لە ڕوانگەیەکی تیۆریکەوە باس لەم مێژووە دەکەین؛ لە ئەریستۆوە تا دەگاتە نوێترین ڕوانگە لەم بارەیەوە، وەک ڕوانینەکانی ژێرار ژێنێت بە نموونە. بەشی دووەم تایبەتە بە کێشەی جۆرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا. لە ڕوانگەیەکی تیۆریک و پراکتیکییەوە، باس لە ڕوانینی هەندێ لە نووسەران و ئەدیبانی کوردی سەردەمی نوێبوونەوە دەکرێ و تیشک دەخرێتە سەر کێشەی ڕوانینی ڕەخنەیی و زاراوەسازی بۆ جۆرەکانی ئەدەب. توێژەر تەواوی سەرچاوە کوردییەکان لە بارەی جۆرە ئەدەبییەکانەوە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. لە سەرەتادا لە لای توێژەرانی کورد شیعری لیریک و شیعری ئێپیک هەبووە، پاشان شیعری دراماتیک وەک تایبەتمەندییەکی ئەدەبی ڕۆژئاوایی بۆ زیادکراوە، کە ئەمەیان بە لاوازی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا هەستی پێ‌کراوە و زیاتر لە ئەدەبی کوردیی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتووە. پاشان ئەم دابەشکردنە لە ڕوانگەی توێژەرانی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەهۆی ئەوەی شیعر هەردەم ڕووبەرێکی بەربڵاوی داگیرکردووە. تەنیا دوو بنجۆر، یان ژێرچەشنی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا زۆرتر لەوانی تر گەشەی سەندووە، ئەمانەش شیعری لیریک و شیعری فێرکارین. چیرۆکەشیعرەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردیش خاوەنی مۆرکێکی گێڕانەوەیین و جێگای سەرنجن. هۆکاری سەرەکیی گەشەی هەندێ بنجۆر لە ئەدەبی کوردیدا بۆ تایبەتمەندیی ئەدەبی کوردی کە لە وتارەکەدا شی‌کراونەتەوە، دەگەڕێتەوە.

**وشەگەلی سەرەکی:** جۆری ئەدەبی؛ شیعر؛ پەخشان؛ لیریک؛ فێرکاری؛ ئێپیک؛ دراماتیک.

## چکیده

پژوهش حاضر تلاشی تحلیلی-نظری و عملی در جهت بازخوانی انواع ادبی در ادبیات کردی است که تاکنون پژوهش‌های اندکی در این حوزه انجام شده است؛ در حالی که مبحث انواع ادبی در ادبیات جهان سابقه طولانی دارد و با ظهور گرایش‌های نوین ادبی، پژوهش‌های ارزشمندی در این زمینه انجام شده است. در بخش اول این نوشتار، تاریخچه چنین پژوهش‌هایی -از ارسطو تا دیدگاه‌های نوینی همچون آراء ژرار ژنت- مورد بحث قرار گرفته است. در بخش دوم نیز به چالش موضوع انواع ادبی در ادبیات کردی پرداخته شده است. در این بخش دیدگاه‌های برخی از نویسندگان و ادیبان کرد در عصر حاضر با رویکرد نظری و عملی نقد و ارزیابی می‌شود و با نگاه انتقادی به بررسی چالش‌های مرتبط با اصطلاح‌سازی و مقوله‌بندی آن‌ها در انواع ادبی می‌پردازد. برای این کار، نگارنده منابع کردی مرتبط با انواع ادبی را بررسی کرده است. پژوهشگران کرد در ابتدا شعر را در دو نوع کلی لیریک/ غنایی و اپیک/ روایی لحاظ می‌کردند؛ سپس شعر دراماتیک/ روایی-عاشقانه چونان شاخصه ادبیات غربی به این دسته‌بندی افزوده شد، که عملا نمود چندانی در ادبیات کلاسیک کردی نداشته و بیشتر در آثار کردی قرن بیستم ظهور کرده است. این دسته‌بندی، بعدها از سوی پژوهشگران معاصر ادبیات کردی بازبینی می‌شود و تغییراتی در آن صورت می‌گیرد، زیرا شعر همواره پهنه گسترده‌ای برای تولیدات ادبی به شمار می‌رود. در ادبیات کردی دو گونه شعری لیریک/ غنایی و شعر تعلیمی بیش از سایر انواع شکوفا شده است. منظومه‌های داستانی ادبیات کلاسیک کردی نیز دارای شاخصه‌های روایی قابل تأملی هستند. عامل اصلی شکوفایی برخی از گونه‌های ادبی در ادبیات کردی به ویژگی‌های زاتی خود ادبیات کردی برمی‌گردد که در متن نوشتار تشریح می‌شوند.

**واژگان کلیدی:** نوع ادبی؛ شعر؛ نثر؛ غنایی؛ تعلیمی؛ روایی؛ دراماتیک.

---

۱. استادیار زبان و ادبیات کردی، دانشگاه صلاح‌الدین، اربیل، عراق

mohsen_ahmadomer@yahoo.fr

## ١ـ پێشەکی

کێشەی جۆرە ئەدەبییەکان لە مێژووی ئەدەبی جیهاندا بابەتێکی کۆنە و هەر لە دێرزەمانەوە بایەخ و گرنگیی پێدراوە. ئەم مێژوویەش بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و ئەفلاتوون و بەتایبەت ئەرستۆوە کە لە کتێبی *هونەری شیعر* بنچینە سەرەتاییەکانی داڕێژاوە، دەگەڕێتەوە و جۆرێك گوتارناسی ئۆتۆنۆمی لەبارەوە دروست بووە. ئەم بابەتە تا سەردەمی گۆتەی شاعیری ئەلمانی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەی زایینیدا بە زۆر شێوە و بە ناو سەردەمی جیاجیادا تێپەڕیوە و بووژانەوە و پووکانەوەی بەسەردا هاتووە. لە سەردەمی نوێدا بەهۆی گەشەسەندن و سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان و ڕەخنەی ئەدەبییەوە، گەشە و بووژانەوەیەکی بەرچاوی دیتووە، بە ڕادەیەك هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی تیۆریی جۆرە ئەدەبییەکان، یان چەشنە ئەدەبییەکان کە لە ناو تیۆرییەکانی ئەدەبدا لقێکی سەربەخۆیە و بایەخێکی زۆری پێدەدرێ.

کێشەی جۆرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا، بابەتێکی نوێیە و بەپێی زانیاری و پشکنینەکانی، نووسەری ئەم وتارە، هەر لە سەردەمی ڕەخنەی ڕەوانبێژییەوە، واتە لە سەردەمی ئەدەبی کۆنەوە، کە بێگومان ڕەخنە لەسەر بنچینەی ڕەخنەی ڕەوانبێژیی شیعری کۆن دامەزرابوو، شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەنووسراوە. ئەم هەڵکەوتە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەخایەنێ؛ بەڵام لە سەروبەندی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردیدا، بایەخ پێدانەکان لە سەرچاوە بەراییەکاندا دەردەکەون؛ وەک *وتارەکانی گۆران و مێژووی ئەدەبی کوردی* بەرهەمی عەلائەدین سەجادی. لەم ڕووەشەوە، جگە لە لای عەلائەدین سەجادی بە بابەتی سەربەخۆ باسی نەکراوە. ڕوانینەکانی سەجادی و گۆران لەم بارەوە خاوەنی دەوڵەمەندی و ڕەسەنایەتییەکی بەرچاون، بەو مانایە کە هەوڵیانداوە ڕوانینێک بێ وەک بیرکردنەوە لەسەر تایبەتمەندیی کەسایەتیی ئەدەبی و کولتووری کوردی، نەك تایبەتمەندیی ئەدەبێکی تر.

ڕوانینەکانی گۆران و سەجادی بۆ بابەتی جۆرە ئەدەبییەکان سنووری خۆیان هەیە؛ واتە کاریگەرییەکان لە دوای خۆیان هێشتا سنووردار بووە و نەتوانراوە گوتارناسییەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی لەسەر ئەو ڕوانینە بنیات بنرێ، بەو هۆیەی لە لای توێژەرە باڵاکانی ئەدەبی کوردی دوای خۆیان، وەرنەگیراوەتەوە و دەوڵەمەند نەکراوە. ئایدیاکان لەم بارەیەوە تەنیا وەک هەندێ ڕوانین لەبارەی شیعری لیریکی و شیعری ئێپیکی، فۆرمەکانی شیعری کوردی وەك قەسیدە، غەزەل، چامە، بەیت، داستان و هتد، باسی کراوە؛ هەڵبەت کەمی سەرچاوەی ڕەخنەیی و تیۆریکی قووڵ و بایەخ نەدانی زۆر بەم بابەتە، پەیوەندییان بە کۆمەڵێك هۆکاری دیکەی ماددی و مەعنەویشەوە هەیە؛ کە بەشێکیان لە سەرەوەی تاقەتی ناوەندە ئەدەبی و کولتوورییەکانی کوردی بووە، وەک بەربەست و هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی کە سنووری ئەو ناوەندە کولتوورییەیان دیاریکردووە، یان وەك مانەوەی کولتووری کوردی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کە بۆ بووژانەوە، یاریدەدەر نەبووە.

هەموو ئەم هۆکارانەش وایانکردووە توێژینەوە تیۆریک و پراکتیکییە ئەدەبییەکان بە گشتی، هێشتا نەکەوتبێنە ناو جۆرێک لە دەوڵەمەندی و بەم هۆیەش نەتوانن پەلوپۆ لە گشت دیاردەیەکی ئەدەبی کوردی دەربکەن؛ وەک ئەو لاوازییەی لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و تیۆریک لە ئەدەبی کوردیدا هەیە و هێشتا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێ؛ ئەمەش ئالنگارییەکی جیدییە و پێویستی بە وردبوونەوە و توێژینەوەی تر هەیە؛ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا سنوورەکانی ئێمە دیسان بەم ئاراستەیەدا ناڕۆن؛ بەڵکو زیاتر لە جۆرەکانی ئەدەب وەک کێشەیەکی تیۆریک و ڕەخنەیی نوێ دەکۆڵنەوە. ئەدەبی کوردی لەمەڕ جۆرە ئەدەبییەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئەم تایبەتمەندییەش بابەتی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنێ.

## ٢ـ پێشینەی توێژینەوە

تا ئەمڕۆ سەرچاوەی کوردیی زۆر کەم لە بارەی جۆر و بنجۆرە ئەدەبییەکان (چەشن و ژێرچەشنە ئەدەبییەکان) بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی، یان وەک بەشێک لە توێژینەوەی زانستی، یان وەك وتار و کتێبی سەربەخۆ نووسراوە؛ بەڵام دیارە جۆرەکانی ئەدەب، بە پێچەوانەی پێشینەی توێژینەوە لەو بوارەدا هەر لە دێر زەمانەوە لە ئەدەبی کوردیدا لە ئارادا بوونە.

سەرەتاکانی توێژینەوە لەم بابەتە ئەدەبییە لە گۆران و عەلائەدین سەجادی- یەوە - دەست پێدەکات و تا دەگاتە بەرهەمی توێژەرانی ئەمڕۆ .

یەکێک لەو سەرچاوە نوێیانەی لە بارەی چەشنە ئەدەبییەکان ڕوانینی نوێی پێشکەش کردووە و زیاتر لە چوارچێوەی توێژینەوەی تیۆریکی گشتییدایە؛ کتێبی *فەرهەنگی ئەدەبی* (۲۰۱۲) نووسینی موحسین ئەحمەد عومەرە. ئەم کتێبە لە کۆمەڵێك سەرچاوەی جیاجیای تر کە بەرهەمی نووسەران و توێژەرانی پێشەنگی ئەدەبی کوردین، کەڵکی وەرگرتووە. لەم سەرچاوانە گۆران یەکەمین کەس بووە کە هەندێ ئایدیای پێشکەش کردووە. گۆران لە وتارەکانیدا کە لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی گۆران، نووسین و پەخشان و وەرگێڕدراوەکانی (۲۰۰۲) کە لە لایەن ئومێد ئاشناوە کۆکراونەتەوە و پێشەکیی بۆ نووسراوە، ڕوانینەکانی لەسەر جۆرە ئەدەبییەکان خراونەتەڕوو. ڕوانگەی نووسەرێکی دیکەی پێشەنگی کوردی لە سەردەمی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردیدا، کە دوای گۆران پلەی دووەمی هەیە؛ عەلائەدین سەجادیی-یە، بە تایبەت لە کتێبی *مێژووی ئەدەبی کوردی*-یە و کە لە ساڵی ۱۹۵۲دا لە بەغدا چاپکراوە. بۆ ئەم توێژینەوەیە، چاپی سێیەمی کتێبی ناوبراو بووەتە پاڵپشت (انتشارات کردستان، ۱۳۹۱).

هەرچی ڕوانینەکانی مارف خەزنەداریشە بە کورتی لە سەرچاوەی سەرەکیی ئەوەوە بە ناوی مێژووی ئەدەبی کوردی (۲۰۰۱) وەرگیراوە کە لەوێ گەرچی بابەتی جۆرە ئەدەبییەکان گرنگیی پێدراوە؛ بەڵام لە چوارچێوەی ڕوانینە سونەتییەکان دەرنەچووە. لە پاڵ ئەمانەشدا بۆچوون و ڕوانینەکانی عەزیز گەردییە کە ئەویش تا ڕادەیەك دەچێتە ناو خانەی ڕوانینە سونەتییەکانی سەرچاوەی پێشوو، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکێک لە کتێبەکانی ئەو نووسەرەدا بە ناوی *کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا* دەرکەوتووە (۱۹۹۹).

وەك توێژینەوە تیۆری و ڕەخنەییە نوێیەکان سەرنج دراوەتە ڕوانینەکانی بەختیار سەجادی لەمەڕ بابەتی پۆلێنبەندیی بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان لە ڕووی جۆرە ئەدەبییەکانەوە و دەرخستنی ڕوانگە تیۆرییە مۆدێڕنەکان و پێناسەکردنی کێشەکان لەم ڕووەوە و تەنانەت کێشەی زاراوەسازی بۆ ڕێبازە ئەدەبییەکان. بۆ پشکنینی ئەم بوارانە سەرنج دراوەتە دوو کتێبی *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی* (سەردەم، ۲۰۰۲) و *فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی* (ئاراس، ۲۰۰٤) و دواتر هەڵسەنگاندن کراوە بۆ ئەو دابەشکاری و پۆلێنبەندیانەی ناوبراو لە هەندێ سەرچاوەی تردا، وەک *ادبیات معاصر کردی* (۲۰۱۲) و *ادبیات کردی در کردستان عراق* (۲۰۱۵). وێڕای ئەو سەرچاوانەی سەرەوە، خوێندنەوەش بۆ هەندێ سەرچاوەی لاوەکیی دیکە کراوە کە لە درێژەی ئەم توێژینەوەیەدا باسیان لەسەر دەکرێ.

### ۳ــ جۆرە ئەدەبییەکان: مێژوو و ڕوانینی تیۆری

لە مێژووی ئەدەبی ڕۆژئاوایی و لەناو لێکۆڵینەوە تیۆری و ڕەخنەییەکاندا، جۆرە ئەدەبییەکان، بەتایبەت جۆرەکانی شیعر بە جۆر و بە فۆرمەکانییەوە، مێژوویەکی کۆنی هەیە. ئەم مێژووە سەرەتاکانی بۆ سەردەمی یۆنانی کەونارا دەگەڕێتەوە، هەر لە دێر زەمانەوە جۆرەکانی شیعر دابەشی چەند جۆرێك کراون؛ وەك شیعری لیریکی، شیعری ئێپیکی، شیعری دراماتیك و شیعری فێرکاری. دەکرێت هێشتا کۆمەڵێک جۆری تر لەم مێژووی کۆن و درێژەدا هەبێ، هەر یەك لەمانەش لە لایەن خۆیانەوە بەهۆی جیاوازیی ناوەرۆکەوە دابەشی چەند ژێرچەشن و بنجۆری[1] تر کراون؛ وەك شیعری لاواندنەوە،[2] سروود،[3] غەزەل،[4] گۆرانی،[5] قەسیدە،[6] و هتد. بە درێژایی ئەم مێژوویە هەندێک ڕوانین هەن ئەم بنجۆرانە بە ژانر، یان چەشنی ئەدەبی دانانێن؛ بەڵکو زیاتر بە فۆرمی شیعری

---

[1] Especes.
[2] Elegie.
[3] L’hymne.
[4] Le sonne.
[5] Chanson.
[6] L’ode.

لە قەڵەم دەدەن کە دەکەونە بەر هونەرەکانی شیعرەوە کە خاوەن فۆرمی ناوەکی و فۆرمی دەرەکین. مەبەستیش لە فۆرمی ناوەکی ناواخن، یان تێمای شیعرییە، فۆرمی دەرەکیش قالبی شیعری دەگرێتەوە کە پەیوەندیی بە کێش و سەروا و هونەرەکانی هۆنینەوەوە هەیە. ڕوانینێکی تر هەیە، وەك لە خوارەوە زیاتر گەشەی پێدراوە، جۆری ئەدەبییە بەپێی تێمای تێکستی ئەدەبی جا چ بە شیعر بێ، یان پەخشان دیاریدەکرێ؛ کەوایە، لێکۆڵینەوە لە جۆرە ئەدەبییەکان باسێکی گرێچن و ناجێگیرە و خوێندنەوە و تۆێژینەوەی زۆر هەڵدەگرێ.

بە پێی ڕوانینی کارل ڤییێتۆر[1] جۆرە ئەدەبییەکان، یان ژانر چەمک و کۆنسێپتێکە تا ئێستا تەواوی ڕەخنەگران و تیۆریناسەکانی ئەدەب نەیانتوانیوە پێناسەیەکی یەکگرتووی بۆ بکەن. ئەم بوارە هەردەم بە کراوەیی ماوەتەوە و بەردەوامیش لە گۆڕاندایە، هەر وەك چۆن چەشنە ئەدەبییەکان خۆیان بە درێژایی مێژوو لە گۆڕان و گەشەسەندندا بوونە و هەندێ جاریش تووشی پووکانەوە بوون. گەر یەکەم پرسیار لەم بارەیەوە بکرێ ئەوەیە ڕەگەزی جۆرە ئەدەبییەکان چۆن دروست بووە؟ ئەمەش یەکێک لە پرسیارە دژوارەکانە و دەکرێ کۆمەڵێك وەڵام و بۆچوون هەڵبگرێ. بەپێی ڕوانگەی تزڤتان تۆدۆرۆڤ[2] کاتێک باس لە ڕەگەزی جۆرە ئەدەبییەکان دەکەین؛ دەکەوینە ناو کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزی تیۆریک و مێژوویییەوە کە پەیوەندیی بە خودی زمان و ئەدەبەوە هەیە. لەم بارەیەوە تۆدۆرۆڤ دەڵێ: «هەرگیز ئەدەبێك نەبووە بێ جۆرە ئەدەبییەکان، واتە بێ ژانر. جۆرە ئەدەبییەکان سیستەمێکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، کێشەی ڕەگەزی جۆرەکانی ئەدەب هەردەم بە درێژایی مێژوو بەشێك بووە لە جۆرە ئەدەبییەکان، خۆی لە ناو زەمەن، شتێك نییە بە ناوی «پێش» جۆرە ئەدەبییەکان» (١٩٨٧:٣١).

لەم ڕوانگەیەوە پێناسەکردنی جۆرە ئەدەبییەکان خۆی وەڵامێکیشە بۆ ڕەگی جۆرەکانی ئەدەبی، چونکە تۆدۆرۆڤ پێی وایە ئەو پرسیارە هەردەم دەکرێ: چ شتێك پێش جۆرە ئەدەبییەکان هەبووە؟ بۆ زیاتر وربوونەوە لەم کێشەیە، هەر لە ڕوانگەی تۆدۆرۆڤەوە جۆرەکانی ئەدەب بریتین لەو یەکانەی دەتوانین لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە وەسفیان بکەین؛ یەکەم: لە ڕوانگەی تێبینیی ئەزموونی. دووەم: لە ڕوانگەی شیکردنەوەی ئەبستراکت. لەناو کۆمەڵێکدا هەندێ لە تایبەتمەندیی گوتارمەندە دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە و بنجی یەکەمیان، ئێمە هەوڵدەدەین بە دەستووریییان بکەین، پاشان هەموو دەقەکان یەك بە یەکیان بەرهەمێکن بە گوێرەی ئەم بەکۆدکردنە وەردەگیرێن. سەرەنجام، هەر جۆرێك ئەدەبی بێ، یان نائەدەبی، بابەتێک نییە، جگە لە بەکۆدکردنی ئەم تایبەتمەندییە گوتارمەندە» (١٩٨٧: ٣١). هەر لەم بارەیەوە کارل ڤییێتۆر پرسیاری ئەوە دەکات و یەکەم پرسیاریشی دادەنێ لە بارەی ڕەگەزی جۆرە ئەدەبییەکانەوە؛ ژانرەکان لە چی پێکهاتوون و ئەو ڕەگەزانە چین کە زەمینە و بنچینەکەی پێکدەهێنن؟ هەروەهاش، تایبەتمەندیی ژانرەکان لە پەیوەندییان بە گشت دیاردە جوانیناسانەکانەوە چین؟ کارل پێی وایە »ڕەنگە جێگەی گومان بێ، بتوانین لە نێو کاتیگۆریی جۆرە ئەدەبییەکاندا ڕەگەزێکی بێهاوتا بدۆزینەوە؛ ئەمانە هەموویان (...) وێدەچێ شتێکی دیکە لە فۆرم زیاتر نەبن، کەوایە دەتوانین وەك گریمانەیەك بڵێین جۆرەکانی ئەدەب بریتییە لە بازنەیەکی شیمانەی فۆرمیانە، یان تایبەت بە فۆرم» (ژێنێت، ١٩٨٦: ١٥). ئەمەش، واتە گەرچی پێویستە بەم مێژوویدا ڕۆچین و وردبینەوە و تا سوقرات و ئەریستۆ و هۆراس بگەڕێینەوە، کە ڕوانینیان لەم بارەیەوە هەیە و بە سەرچاوە کۆنەکان دادەنرێن؛ بەڵام پرسی فۆرمی بەرهەمی ئەدەبی لەم باسەدا گرنگ و سەرەکییە.

بە ڕای باختین، هەر وردبوونەوەیەك لەم بابەتە بێکەڵکە و بۆچوونی وایە تیۆریی جۆرە ئەدەبییەکان کە لەم دووسەد ساڵەی دواییدا زۆر بایەخی پێدراوە؛ هیچ بابەتێکی پێوە زیاد نەبووە بۆ سەر ڕوانین و تێزەکانی ئەریستۆ، تیۆریی جۆرە ئەدەبییەکان تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە شتێکی ئەوتۆ و سەرەکی بخاتە سەر ئەوەی پێشتر لە لایەن ئەریستۆوە داڕێژراوە (ژێنێت ١٩٨٦: ٩٣)، بەڵام کارل ڤییێتۆر ڕوانینەکانی ئەوانیش دووپات دەکاتەوە؛ پاشان لەگەڵ ڕوانگەکانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم لێکی گرێدەداتەوە. کۆنسێپتی جۆرە ئەدەبییکان بەکارهێنانێکی یەکگرتووی نییە، بۆ ئەوەی لەم بوارە زۆر ئاڵۆزە هەندێ پێشکەوتن بە دەست بهێنین، بەم جۆرە دەبینین باس لە حەماسە، شیعری لیریکی و دراما وەك سێ جۆری گەورە (کە هەر ئەمەش ڕوانینی ئەریستۆیە) دەکەن. لە هەمان کاتدا چیرۆك،

---

[1] K. Vietor.
[2] Todorov.

کۆمێدی، قەسیدەیش بە جۆری ئەدەبی دادەنێین. دەبێ یەك کۆنسێپت ئەم دوو دابەشکردنە جیاوازە بگرێتە خۆی، بەڵام ئەگەر بمانەوێ ورد و لۆژیکی بین، دەبێ ناولێنانەکە سنووردار بکەین و یەکێك لەم دوانە هەڵبژێرین. پاشان ئەگەر شیعری لیریکی بە ژانرێکی گشتی دابنێین، ئەو دەم دەبێ شیعری لاواندنەوە، سروود، غەزەل، گۆرانی، قەسیدە و هتد، بە بنجۆری ئەدەبییان دابنێین، بە هەمان ئاستی زانستە سروشتییەکان کە لە سەدەی هەژدەهەمەوە جیاوازی لە نێوان ژانر وەك یەکەی گەورە و ئەوانی دی وەك گرووپی بچووکتر دەکەن (ژێنێت، ۱۹۸٦: ۱۰).

لەم پرسە ئاڵۆزەی جۆرە ئەدەبییەکاندا کە کێشەی جۆری گەورە و کێشەی بنجۆر، یان تایپ و ژێرچەشن، یان جۆری لاوەکیشی تێدەکەوێ کە هەر ئەمەش بۆخۆی ئاڵۆزییەکی تیۆریکی دیکە تا ئێستا هاوڕایی و کۆدەنگی لەبارەیانەوە نییە. کارل ڤیێتۆر، وەك گۆتەی شاعیر، پێی وایە لە جیاتی ئەوەی باس لە جۆرەکانی ئەدەب بکرێ، باشترە باس لە جۆری شیعر بکرێ. ئەو وشەی بنجۆر، یان ژێرچەشن[1] بەکاردەهێنێ کە بەرانبەر بە جۆری بچووکتر (تایپ) دەوەستێ، نەك جۆری ژانر کە بە مانای جۆری گەورە دێت. ڤیێتۆر پێی وایە ڕوانینەکانی گۆتەی شاعیر لەم بارەیەوە زۆر گونجاوە، ئەو دەڵێ: من لە ڕستەکانی گۆتە[2] دەگەم کە لە تێبینییەکانی لە »تێبینی و داڕشتن» دا، بۆ تێگەیشتن لە دیوانی ڕۆژئاوایی -ڕۆژهەڵاتی بە هیچ شێوەیەك وشەی جۆر و چەشن بەکارناهێنێ؛ بەڵکو ڕاستەوخۆ ناوی فۆرمەکانی شیعر دەهێنێ، وەك چامە،[3] قسەی نەستەق،[4] سەربردە، یان ئەو شیعرەی گێڕانەوەی تێدایە.[5] قەسیدە، شیعری تەنز و ساتیر و هتد، ئەمانە لە لای ئەو جۆری بچووکی شیعرین.[6] هەر لەبەر ئەمەش، حەماسە، یان داستان، شیعری لیریکی و دراما، فۆرمی سروشتیی شیعرن.[7] ڤیێتۆر پێی وایە تەنیا سێ جۆر فۆرمی شیعری ڕاستەقینە هەیە، یەکێکیان دەگێڕێتەوە، یان گێڕانەوەی تێدایە، یەکێکی دی حەماسە بەرزدەکاتەوە، جۆری سێیەمیش لەسەر ئاستی تاکەکەس، کاریگەریی خۆی هەیە. دەبێ ئەم سێ جۆرە شیعرییە بە جیاش هەبن (ژێنێت ۱۹۸٦: ۱۱).

لە ڕوانگەی کارل ڤیێتۆر جۆرە ئەدەبییەکان بریتین لە بەرهەمێکی هونەری و دژوار دەبێ ڕەگەزی مێژووییان بزانین؛ چونکە ئەم مێژووە بزرە. لە لایەکی دیکەشەوە، لە بارەی پرسیاری یەکەمەوە، کە هەر پەیوەندیی بەم خاڵەی سەرەوەوە هەیە، کارل ڤیێتۆر کێشەی جۆرە ئەدەبییەکان بە گشتی بە هونەری شیعر، یان هونەرەکانی شیعر دەبەستێتەوە، بەو مانایەی لە بنچینە و گەشەسەندنە بەراییەکانەوە؛ بۆ نموونە، لە سەردەمی هێلێنییەوە (یۆنانی کەڤنار)، لە ئەدەبیاتی زۆر لە شارستانییە کۆنەکانیش شیعر فۆرمی یەکەم بووە و سەرەنجام جۆرەکانیش هەر بریتی بوون لە جۆرەکانی شیعر. دواجار کارل ڤیێتۆر پرسیارێکی بنچینەیی دەکات: چەشنە ئەدەبییەکان، یان هونەری شیعر کۆنسێپت، یان ئایدیای ئەم پرسە لە کوێوە ڕادەکێشێ و لە کوێ بۆی دەگەڕێ؟ لە وەڵامدا دەڵێ: «بێگومان لە مێژووی جۆرەکان خۆیانەوە، بۆیە ناتوانرێ جۆری ئەدەبی دابهێنرێ، هەر لەبەر ئەمەش وەك ئایدیایەکی خۆڕسکیش بوونی نییە« (ژێنێت: ۱۹۸٦:۲٤).

لە لایەکی دیکەوە، هەندێ جار جۆری ئەدەبی لە ڕووی فۆرم و هونەرەکانی گوتن، یان شێوازی ئەدەب و هۆنینەوە لە ڕێگەی ئەو تێما و بابەتەوە دیاری دەکرێ کە ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکە پێکدەهێنێ. وا وێدەچێ هەموو جۆرێکی ئەدەبی پەیوەندیی بە فۆرمی ئەدەبیی خۆیەوە هەبێ، هەر جۆرێك لە شیعر پەیوەندیی بە فۆرمی ناوەکی (تێمای، یان ناوەڕۆکی تێکستەکە) و فۆرمی دەرەکی (کێش، سەرڕوا، ڕیتم، بڕگەکان) تایبەت بە خۆیەوە هەبێ. ئەمەش هەر ئەو پرسیارەیە کە دەکرێ وەك هەنگاوی دووەم بکرێ کە لە بنچینەی هەر جۆرێکی ئەدەبی فۆرمێکی دەرەکی و فۆرمێکی ناوەکی هەیە. فۆرمی دەرەکی ناتوانرێ تەنیا بە هەڵکەوتێکی دەرەوەی جۆری ئەدەبی

---

[1] Espece.
[2] Goethe.
[3] Balade.
[4] L’epigramme.
[5] Le récit.
[6] Dichtarten.
[7] Naturformen.

(کێش و سەروا و ... پەخشان) پێناسە بکرێ، بەڵکو شتێکی دی هەیە وەك پێکهاتەیەکی ڕۆحی بنچینەیی دەردەکەوێ کە لە قووڵاییەوە هەڵدەقووڵێ؛ بۆ نموونە، تراژێدی وەك کۆنسێپتێك و وەك جۆرێکە «لەبەرئەوەی تراژێدی هەندێ تایبەتمەندیی شیعری لە خۆیدا هەڵدەگرێ و دەبێ خۆی جیابکاتەوە جۆرە ئەدەبییەکانی تر، ئەمەش بەهۆی هەندێ پێکهاتە و تایبەتمەندی خەسڵەتە جیاکەرەوەیەوە، ناکرێ بەو فۆرمە بێ بتوانین لە ڕێگەی زارەوەدەربیبڕین، بەڵکو ئەم تایبەتمەندی جیاکەرەوەیە و فۆرمێکی ناوەکی هەیە» (ژێنێت، ١٩٨٦: ١٦).

ئەم فۆرمە ناوەکییەی ژێنێت ئاماژە دەکات کە دەکرێت ببەسترێتەوە بەو دەنگەی، یان بەو پێکهاتەیەی ناوەوەش پێکهاتەی ئەم فۆرمە ناوەکییە لە چی پێکهاتووە، کێ قسە دەکا، یان کێن ئەو کەسانەی قسە دەکەن؟ ئاخۆ ئەمانە نووسەر (دانەر)، چیرۆکبێژ و کەسایەتییەکان و پاڵەوانەکانن؟ لە بەرهەمە هاوبەشەکەی دوکرۆ و تۆدۆرۆڤدا بەم شێوەیە وەڵام دراوەتەوە: لە ئەفلاتوون - ەوە بە تێپەڕین لە گۆتە و یاکۆبسن،[1] ویستوومانە لەم سێ جۆرە سەرەکییەی جۆرە ئەدەبییەکان بدوێین کە بە جۆرە سروشتییەکان، یان جۆرە ئاساییەکانی ئەدەب ناسراون. دیۆمێد[2] لە سەدەی ١٤دا، ڕوانینەکانی ئەفلاتوون تا ڕادەیەکی زۆر (هەمان شتیش ڕاستە بۆ ڕوانینەکانی ئەریستۆ لەبارەی جۆرە ئەدەبییەکان و شیعر کە لە هونەری شیعردا باسیان دەکا)، ئەم پێشنیازەی خوارەوە جێگیر دەکا کە لە سەر بنچینەی پێکهاتەی ناوەوەی جۆرەکانە، لە شیعری لیریکی تەنیا شاعیر (دانەر) قسە دەکا، لە شیعری دراماتیکیدا تەنیا کەسایەتییەکان قسە دەکەن، لە حەماسە، یان داستان، شاعیر و کەسایەتییەکان هەموو قسە دەکەن (١٩٧٢: ١٩٤). پرسی فۆرم و ناوەڕۆك، یان فۆرمی ناوەکی و فۆرمی دەرەکی تەنیا ناکرێ لەم ڕوانگەیەوە دیاری بکرێ؛ بەڵکو بەپێی لایەنێکی دیکەی پێکهاتەی ناوەوە، ئەویش بابەتی زەمەنە کە تا سوقرات و ئەفلاتوون و بگرە بۆ کۆنتریش دەگەڕێتەوە. لە ڕوانگەی ژێرار ژێنێت، ئەفلاتوون لە بەشی پێنجەمی کۆماردا،[3] هاندەری سەرەکی لەمەڕ دەرکردنی شاعیران لە کۆمارەکەی لەسەر دوو ئاست دەردەخا، یەکیان پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە کە لای ئەو بە لۆگۆس[4] هاتووە؛ ئەمەش وا لێکدەداتەوە کە دەبێ شاعیر نوێنەرایەتی ئێتیکێك بکا و بیانووی لەخشتەبردن نەداتە خواوەند و پاڵەوانەکان، ئاستی دووەم پەیوەندی بە فۆرمەوە هەیە کە لای ئەو بە لیکزیس[5] هاتووە، ئەمەش پەیوەندی بە مۆد و شێوەی نوێنەرایەتی کردنەوە هەیە؛ چونکە هەموو شیعرێك سەربردەیەکی[6] (گێڕانەوە)[7] پڕ لە ڕووداوی رابردوو و ئێستا، یان هی داهاتووە. ئەم سەربردەیە بە مانا فراوانەکەی دەکرێ فۆرم وەرگرێ؛ وەك فۆرمی گێڕانەوەی بێگەرد،[8] لاساییکردنەوە،[9] وەک شانۆ لە ڕێگەی دیالۆگ لە نێوان کەسایەتییەکاندا، وەك فۆرمی تێکەڵاو، واتە، یەك لە دوای یەك، هەندێ جار دیالۆگ (ژێنێت، ١٩٨٦: ٩٦).

دواتر هەموو ئەمانە شێوەی ژانری شیعری وەردەگرن و دەبنە تراژێدی و کۆمێدی بۆ لاساییکردنەوە. هەرچی تێکەڵاوەکەشە دەبێتە حەماسە یان داستان. لە لایەکی ترەوە، هەر لە ڕوانگەی ژێرار ژێنێت-ەوە، دەکرێ لە ڕێگەی تێما، یان بابەتیشەوە جۆری شیعر، دیاری بکرێت. لەم ڕووەوە ژێنێت پێناسەی هونەری شیعر دەکا کە لای ئەفلاتوون شیعر بریتییە لە «هونەری لاساییکردنەوە بە هۆنینەوە» لەسەر بنچینەی ڕیتم، زمان، شێواز و مێلۆدی (وەك لاساییکردنەوەکانی سۆفرۆن و دیالۆگەکانی سوقرات)، وەك ئەو ڕەوانی و ڕوونبێژییەی لە گوتاردا هەیە. ئەو دەڵێ: «نموونەی شیعری لاساییکەرەوە کە بابەتە، یان ناوەڕۆکیان جیایە، دەکرێ وەك بەرهەمی

---

[1] Jacobson.
[2] Diomede.
[3] La Republique.
[4] Logos.
[5] Lexis.
[6] Récit.
[7] Diegesis.
[8] Haple diegesis.
[9] Mimetique.

ئەمپیدۆکلیس،[۱] ناوبەرین؛ بە تایبەت ئەو جۆرە شیعرانەی لە ڕێگەی کێش و سەروا، یان هۆنینەوە ناوەڕۆکێکی وەك بابەتی پزیشکی پێشــکەش دەکەن. ئەمەش لای ئەو بە جۆری شــیعری فێرکاری ناســراوە و بێگومان لای ئەرســتۆش ڕەتکراوەتەوە. ئەو پێی وایە هۆمێروس بە هەمان شێوەی ئەمپیدۆکلیس کێش بەکاردەهێنێ. باشترە ئەمپیدۆکلیس ناوبنێین سروشتناس تا شاعیر. هەرچی لە بارەی ئەو جۆرە شیعرانەن کە بە شیعری لیریکی ناسراون، نموونەی شیعری سافۆ[۲] و پیندار دەهێنێتەوە. ئەرستۆ بە چاك و خراپ لە کتێبەکەیدا ناویان ناهێنێ، ئەفلاتوونیش[۳] هەمان هەڵوێستی هەبووە« (۱۹۸۶:۹۶).

ژێرار ژێنێت هونەری شیعر، یان مۆرکی شیعرییەت لەسەر بنچینەی دوو ئاست دیاری دەکا کە پەیوەندییان بە نوێنەرایەتیکردنەوە هەیە؛ یەکەم: شیعرەکە نوێنەرایەتی چی دەکا؟ دووەم: شیعرەکە چۆن ئەم نوێنەرایەتییە پێشکەش دەکا؟ واتە شێوازی گوتنەکەی بە چ شێواز و لەونێکە؟ هەر بە ڕای ئەو، ئەمەیان پەیوەندیی بە کردەکانی مرۆڤەوە هەیە، یان پەیوەندی بە نوێنەرایەتی خودی مرۆڤەوە هەیە کە دەکرێ نوێنەرایەتییەك بێ، ڕووی لەسەرەوە، یان ڕووی لە خوارەوە بێ بەرامبەر بە ئێمە. لە ڕوانگەی ژێرار ژێنێت ئێمە سێ جۆری ئەدەبی و شیعرمان هەیە؛ ئەو ڕوانگەیەش تەواوی تیۆرییەکانی جۆری ئەدەبی لەسەر دامەزراون، ئەمانەش سێ جۆری گەورەن و هەر چەشنە جۆری ئەدەبییان لێدادەچۆڕێ، ئەم سێ چەشنەش بریتین لە: لیریك، ئێپیك، دراماتیك. لە ڕوانگەی ژێرار ژێنێت ئەم جۆرانە، جۆری ئەدەبی بەرایین (جۆری کۆن)،[۴] ئەمانە هەر یەکەیان، یان جۆری دیکەی بچووکتر دەگرنە خۆیان، بۆ نموونە، لە جۆری دراماتیك ئەمانە لە ئارادن: تراژێدی، کۆمێدی، دراما. لە جۆری ئێپیکدا حەماسە، یان داستان خۆی ڕۆمان، یان چیرۆکی هەیە. لە جۆری لیریکدا ئەو بنجۆرانەی بەشێکن لێی گەلێك زۆرن، وەك سروود، قەسیدە، شیعری لاواندنەوە، شیعری نامە، شیعری داشۆرین و هتد. (تامین و هونێر[۵]، ۲۰۰۴: ۸۹).

بە گشتی ئەم سێ جۆرە (بەرایی و کۆن) سەرەکین. بۆ زیاتر تێگەیشتن لێیان لە ڕووی پێکهاتە و بوونیانەوە شێوازی گواستنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەیان خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێ. هەندێ جار کە دەگوترێ لیریك، ئێپیك، دراماتیك، بە سێ کارێکتەر و تایبەتمەندیی دەروونی و ئەخلاقی مرۆیی دادەنرێن؛ وەك لیریك بۆ گۆرانی گوتن و شادی، ئێپیك (حەماسە) بۆ گێڕانەوە، دراماتیك بۆ یاری و شانۆ. ئەمەش نزیككردنەوەیەکی دروستە و تێگەیشتنی جۆرەکانی ئەدەب وردتر دەکاتەوە؛ بۆ نموونە، شاعیر و نووسەرە ڕۆمانتیکە فرانسییەکان لێکدانەوەی زیاتریشیان بۆ ئەم بابەتە کردووە. لە ڕوانگەی شاعیرێکی وەك ویکتۆر هوگۆ، ئەم سێ جۆرە گەورەی ئەدەب بەرانبەر بە سێ تەمەن و سەردەمی مرۆڤایەتی وەک لیریك بۆ سەردەمی سەرەتایی مرۆڤایەتی، ئێپیك بەرامبەر بە سەردەمی پێش زانین، دراماتیکیش بۆ سەردەمی هاوچەرخ دەوەستن.

پێویستە جارێکی دیکەش بگەڕێینەوە بۆ بابەتیکی دیکە کە ئەمەش هەر پەیوەندی بە فۆرمی ناوەکی و فۆرمی دەرەکی جۆرەکانەوە هەیە، لەم ڕووەوە بابەتی گۆکردن[۶] بایەخێکی زۆری هەیە؛ بەو مانایەی گۆکردن لە هەر یەك لەم سێ جۆرەدا جیاوازە، ئەمانەش سێ نرخن هەڵکەوتی ناوەوە و دەرەوە نیشان دەدەن. لای تیۆریداڕێژێکی وەك نۆرتروپ فرای،[۷] هەموو جۆرەکانی ئەدەب لە سێ جۆری: ڕۆمانس، ساتیر، مێژوو کۆدەبنەوە. ڕەگ و ڕیشەی ئەمانەش بێگومان تا سەردەمی ئەریستۆ کە لای ئەو بریتین لە: لیریك، تراژیدی و دراما دەگەڕێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، مژاری جۆرە ئەدەبییەکان لە مێژووی ئەدەبدا گرێدراو بە شێوازی نووسین و دەربڕینەوە، هەر وەکو لە سەرەوە بە گشتی ئاماژەی پێکراو؛ بەڵام ئەم ڕوانینەش زۆر زیندووە کە پرسی جۆرە ئەدەبییەکان و شیعر لەم چوارچێوەیەش تێدەپەڕێ؛ چونکە

---

[1] Empedoclis.
[2] Sappho.
[3] Platon.
[4] Archi-genres.
[5] Tamine et Hunert.
[6] Enonciation.
[7] Northrop Frye.

بابەتی شێواز پەیوەندیی بە ڕوانین و داڕشتن و ئەزموونەوە هەیە. شێواز بۆ خۆی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گوتارە لە ڕەوانبێژی و ڕوونبێژیدا.[١]

ئیلیوس دۆنات[٢] لە تێبینییەکانی لەبارەی ڤیرژیل[٣] ئەم سێ جۆرەی سەرەوە دەبەستێتەوە بە «بووکۆلیك،[٤] جیۆرجیك[٥] و ئێنیاد،[٦] ئەمانەش یەك لە دوای یەك بریتین لە شیعری شوانکارە،[٧] شیعری فێرکاری[٨] و شیعری حەماسی[٩] » (کۆمپانیۆن،[١٠] ١٩٩٨: ٢٠٠). پرسی چەشنە ئەدەبییەکان و شیعر هەر تەنیا دیاریکردنی جۆری ئەدەبی و جۆری شیعر نییە؛ بەڵکو ئەم دیاردەیە دەمانخاتە بەردەم تایبەتمەندی و هەڵکەوتی دەرەکی و ناوەکیی دەق، لێرەوە دەق بۆ خۆی وەك زمانێکی گشتی دەردەکەوێ. ئامانجی تیۆریی جۆری ئەدەبی ئاودیو بوونە لەم هەڵکەوتە گشتییە. لە ڕوانگەی ئەنتوان کۆمپانیۆن، کێشەی جۆرکانی ئەدەب بریتییە لە دیاردەیەکی وەک: کۆدی ئەدەبی، هەندێ پێوەری گشتی، هەندێ ڕێسای یاری. ئەم کۆد و پێوەر و ڕێسایە زانیاری دەدەنە خوێنەر لەبارەی چۆنیەتی چوونە ناو تێکست، بەم جۆرە مەسەلەی بابەتی تێگەیشتن مەیسەر دەکرێ. بەپێی ئەم مانایە، مۆدێلی هەموو تیۆریی جۆرەکانی ئەدەب شتێک نییە؛ جگە لە دابەشبوون بۆ سێ شێوازی کلاسیکی. لە ڕوانگەی ڕۆمان ئینگاردن[١١] ئەم سێ شێوازەش بریتین لە: یەکەم: هەستی مەزنی و پڕ لە فەخامەت،[١٢] دووەم: تراژێدی، سێیەم: هەستی بێمانایی و نزمی.[١٣] لە ڕوانگەی ئینگاردن، ئەم سێ تایبەتمەندییە شێوازییە، مۆرکی بنچینەیین لە خوێندنەوەدا (کۆمپانیۆن، ١٩٩٨: ١٨٧).

ڕوانینی فۆرمالیستە ڕووسەکانیش لەم بارەیەوە سەرنجڕاکیشە کە لە ڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش پێکهاتخوازەکان و بەر لە ڕۆلان بارت و ژێرار ژێنێت. ڕوانینی ڕۆمەن یاکۆبسن لەم ڕووەوە لە هەموویان سەرنجڕاکێشترە. یاکۆبسن کێشەی چەشنە ئەدەبییەکان گرێدراو بە پێکهاتەی ڕێزمانی نەگۆڕ و زمانی ئەدەبیی جۆرە ئەدەبییەکانەوە پێناسەی دەکات. یاکۆبسن پێی وایە شیعری لیریك بریتییە لە کەسی یەکەم لە حاڵەتی ڕێزمانی ئێستادا، کەچی حەماسە بریتییە لە کەسی سێیەمی ڕابردوو. لە ڕاستیدا «من» ی وەگێڕ لە حەماسەدا لە دەرەوە وەك کەسی سێیەم دەبینرێ (ژێنێت و ئەوانی دی، ١٩٨٦:٣٢١).

لە ڕوانگە نوێیەکانی ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبی، وەک نموونە بەو شێوەیەی لای ژێرار ژێنێت و هانس ڕۆبێرت یاوسدا هاتووە، کێشەی جۆرەکانی ئەدەب پەیوەندییان بە «خوێندنەوە« هەیە. لای ژێرار ژێنێت هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بە چەند وردە تێکستێک دەورە دراون کە بە «پاراتێکست»[١٤] ناوزەدیان دەکات؛ وەك ناونیشان، پێشەکی، پێڕست، پەراوێز، ناونامە، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانی سەر پشتبەرگی کتێب. هەموو ئەم وردە تێکستانە، ئامانجیان پێشکەشکردن و ناساندنی دەقی ئەدەبی سەرەکییە، لێرەوە پرسی جۆرەکان دیاری دەکرێ. ئەگەرچی ڕوانگەی یاوس لە چوارچێوە تیۆرییەکی دیکەی ئەدەبیدایە؛

---

[1] Rethorique.
[2] Elias Donat.
[3] Virgile.
[4] Bucolique.
[5] Georgique .
[6] Eneiade.
[7] Pastorale.
[8] Didactique.
[9] Epopée.
[10] Compagnon.
[11] Roman Ingarden.
[12] Sublime.
[13] Grotesque.
[14] Paratexte.

بەڵام لە پرسی خوێندنەوە یان جوانی‌ناسیی خوێندنەوە و وەرگرتندا[1] لەم خاڵە لەگەڵ ژێرار ژێنێت کۆدەبێتەوە کە بابەتی چەشنە ئەدەبییەکان پەیوەندییان بە خوێندنەوەوە هەیە؛ بۆیە بابەتی جۆرەکان ناکرێ ببێتە کێشەیەکی سەرەکی، چونکە چەشنی ئەدەبی هەمیشە وەک ستاتوویکی ئەدەبی بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی لە ئارادیە و ئەمەش لای ژێنێت وەك بەراوردێک وایە کە ئەو بە *هەڵوێستێکی سروشتی* دەیناسێنێ. لە فەلسەفەی دیاردەناسیی هۆسێرل- یشدا ئەو شێوە خۆبەخۆییە لە گۆڕێدایە؛ بۆیە لای ئەو پێویست بەوە ناکا پرسی خوێندنەوە تیۆریزە بکرێ وەك لەلای هەندێکی دیکە هاتووە وەك میکێل دوفرێن[2] (کۆمب، ۱۹۹۲: ۱۲).

پرسی جۆرە ئەدەبییەکان لە ڕوانینی تیۆرییەکەی یاوس،[3] پەیوەندییان بە مەودای جوانی‌ناسانەوە هەیە و لای ئەو بە «ئاسۆ چاوەڕوانکراوەکان»[4] ناسراوە؛ وەك سیستەمێکی سەرچاوەدارە و لەگەڵ خوێندنەوەدا شتەکان و کردەکان دەگۆڕێن. سەرچاوەی ئەم سیستەمەش سێ شتە؛ یەکەم، ئەو ئەزموونەی پێشتر هەمانە لە بارەی جۆرەکانی ئەدەب لە کاتی خوێندنەوە کە جۆری ئەو تێکستە دیاری دەکا. دووەم، فۆرم و تێمای کاری ئەدەبی کە ئەو تێکستە پیشانی دەدا. سێیەم، جیاوازی لە نێوان زمانی کاری ئەدەبی و زمانی پراتیکی ڕۆژانە وەك جیاوازییەك لە نێوان جیهانی خەیاڵی (کە کاری ئەدەبی و هونەری پێشکەشی دەکا) بەرانبەر بە واقیعی ڕۆژانە.

لێرەوە ئەرکی ئەدەب وەك کردەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ کە کاری ئەدەبی ڕوانینی خوێنەر بۆ جیهان دەگۆڕێ؛ لەمەشەوە پەیوەندییەکی پێداچوونەوە و پرسیارکردنەوە لە ئەدەب و کۆمەڵ دروست دەبێ. لە لایەکی ترەوە، جۆرەکانی ئەدەب پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە؛ مێژووی ئەم ڕوانینەش تا فیردینان دو سۆسوور دەڕواتەوە. سەرەنجام هەر وەك فەیلەسوفی فرانسی مێرلۆپونتی بۆی دەچێ، «زمان شتێك نییە لە پێشمان داندرابێ؛ بەڵکو زمان ئاسۆیەکە دەورەی داوین؛ جۆرەکانی ئەدەبیش هەڵکەوتێکی سروشتی خوێندنەوەیە بێ ئەوەی پێی بزانین» (کۆمب[5]،۱۹۹۲: ۱۳). ئەم «ئاسۆ» یە لای هانس ڕۆبێرت یاوس هەمان «ئاسۆ چاوەڕوانکراوکان» ـە کە جۆرەکانی ئەدەب بۆ تیۆریزەکردنی خۆی کەڵکی تەواوی لێ‌وەردەگرێ.

### ٤ـ جۆرە ئەدەبییەکان و ئەزموونی کوردی: زاراوەسازی و دەرکەوتنیان

لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا وەك ئەزموونێکی ئەدەبیی خاوەن کولتوور و نەریتی مرۆیی، جۆرەکانی ئەدەب لە ئارادان و ئەم جۆرانەش تایبەتمەندییەکانی ئەو مرۆڤە لە سەردەمە جیاجیاکاندا نیشان دەدەن. ئەدەبی کوردی هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ گۆڕان و گەشەسەندن و دەوڵەمەندیی خۆی هەبووە؛ وەك لە ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی نەنووسراودا. لە ئەزموونی شیعری نووسراوەی کۆنی کوردیدا، شیعری لیریکی لە شێوەی فۆرمی چامە و چوارخشتەکی و غەزەل و قەسیدە هەبووە. ئەمەش تەواوی ئەزموونی شاعیرانی کۆن دەگرێتەوە، لە مەلا پەرێشانەوە کە یەکەم دەقی نووسراوی بڕواپێکراوی ڕێبازی گۆرانی داناوە بۆ جزیری و خانی لە ئەدەبی کوردیی کورمانجیدا و تا دەگاتە نالی، سالم، کوردی، مەحوی و شێخ ڕەزا و حاجی قادر بە کوردیی ناوەندی لە سەدەی نۆزدەهەمدا و گۆران و هەردی و شاعیرانی دیکەی هاوچەرخ. بە گشتی لە تەواوی سەرچاوە کوردییەکاندا، سەرەڕای کەمیی ڕوانین و تۆێژینەوە لەم بارەیەوە، جۆرە ئەدەبییەکان، یان جۆرە شیعرەکان بە سێ جۆر دابەش دەکرێن؛ لیریکی و ئێپیکی. جۆری سێیەم، واتە ئەدەبی دراماتیك، یان شانۆیی کە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بوونی نەبووە؛ بێگومان ئەمەش پرسیاری دیکە دەورووژێنێ و ئەم هەڵکەوتە تا ڕادەیەك بۆ ئەدەبی فارسیش ڕاستە کە ئەدەبی کوردی زیاتر لە ناوەندی کولتووری ئەوەوە نزیکە.

---

[1] Esthetique de la reception
[2] Mikel Dufrenne
[3] Jausse.
[4] Horizon d’attente.
[5] Combe.

بۆ تێگەیشتن لە جۆرە ئەدەبییەکان لە ئەزموونی ئەدەبی کوردیدا، ئێمە پێویستیمان بە گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی شیعری کوردی هەیە؛ واتە بۆ یەکەم دەقی شیعریی کوردی. ئەم تێکستە چ فۆرمێکی دەرەکی و ناوەکی هەبووە؟ شیعری لیریکی بووە، یان شیعری حەماسی؟ داستان، یان جووتسەروا، یان قەسیدە؟ لەم بارەیەوە کوردۆلۆگی رووسی ڕۆدینکۆ باس لە سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی دەکا و ئەم سەرەتایە دەگەڕێنێتەوە بۆ قەسیدەیەکی درێژ (پۆیەما) کە هی سەلیم سلێمان- ـە و گوایە دەڕواتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. لە بارەی یەکەمین تێکستی کوردی زۆر ڕوانین هەیە. گەرچی تا ئێستا ئێمە نەگەیشتووینەتە تێکست و ڕێککەوتنێکی دیاریکراو؛ بەڵام لە ڕوانگەی زۆر لە توێژەرە کوردەکانەوە ئەم سەرەتایە مێژوویکی هەیە؛ کەوایە یەکەم تێکستی کوردیش لە ئارادایە.

ڕۆدینکۆ[1] لە یەکێک لە وتارەکانیدا بەناوی ئەدەبی کوردی سەدەی حەڤدەیەم باس لەو دەستنووسانە دەکا کە لە لایەن ئۆگوست ئەلێکساندەر ژاباوە لە سەدەی نۆزدەهەم کۆکراونەتەوە. ئەو تێکستی شیعری *یوسف و زولەیخا* کە ڕۆدینکۆ بە پۆیەما، واتە شیعری درێژ، یان قەسیدە، ناوی دەهێنێ و بە بەرهەمی شاعیر سەلیم سلێمان ڕەپاڵیدەدا. سەردەمی ئەم قەسیدەیە وەک ئەو دەڵێ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام وەک توێژینەوەی نوێیەکان دەریانخستووە و دواتر باسی لەسەر دەکەین؛ سەلیم سلێمان لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە. ڕۆدینکۆ دەڵێ: لە کۆتایی دەستنووسەکەدا نووسراوە کە سەلیم سلێمان، شاعیری دەرباری میرنشینی خێزان (تورکیا) بووە. پۆیەمای *یوسف و زلێخا* بەپێی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتوون؛ یەکەم بەرهەمی شیعری سەدەکانی ناوەڕاستە کە بە شێوەی جووتسەروا هۆنراوەتەوە، کە شێوازێکی باوی شیعری کلاسیکی فارسی بووە. پۆیەما کە لە ١٧١١ دێڕدا و بە کێشی هەزەج نووسراوە (قادر محەمەد، ١٧٢: ٢٠٠٤).

ئەوەی لەم ڕوانینەدا سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێ، زاراوەی پۆیەمایە.[2] بە پێی فۆرمە جیهانییەکانی شیعر، تا ئێستا لە ئەدەبی کوردی و جیهاندا، بە تایبەت لە ئەدەبی نەتەوەکانی ئێرانیدا ناسراوە، پۆیەما بەرانبەر بە قەسیدەی درێژ، یان چامە وەك لە نەریتی شیعری کوردیدا هاتووە؛ دەوەستێ. ئەمەش ڕوانینێکی سەرنجڕاکێشە و دەکرێ وەك ڕەگ و ڕیشەی شیعری کۆنی کوردی لە بابەت جۆرەکانی ئەدەب بە گشت و جۆرەکانی شیعر بە تایبەت ڕەچاوی بکەین. بێگومان ئەو کێشەیەی ئەم ڕوانینەی ڕۆدینکۆ دەیوروژێنێ بە لای ئەوەمان دەباتەوە کە تەواوی مێژوونووسان و ڕەخنەگرانی کورد، کە باسیان لە جۆرەکانی ئەدەب کردووە؛ تەنیا باس لە لیریك و ئێپیك[3] دەکەن. خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە پۆیەما لە لایەکەوە، وەکو ژێرچەشنی شیعری لیریک لە قەڵەم دەدرێ و لە لایەکی تریشەوە، وەک ڕۆدینکۆ ئاماژەی پێکردووە؛ نموونەی یووسف و زلێخا دەگرێتەوە کە دیارە چیرۆکەشیعرە؛ هەر بۆیەش ئەو زاراوەیەی ڕۆدینکۆ بە کاری هێناوە و دەکرێ واتای بەربڵاوتر و تەنانەت گشتگیرتریشی هەبێت.

لە هەمبەر ئەم ڕوانینەدا، بەختیار سەجادی بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی ئەم دواییانەی توێژەرانی ئەدەبی کورمانجی، پێی وایە ناوی ڕاستەقینەی شاعیری ناوبراو سەلیم سلێمان-ە، نەک سەلیم سلێمانی، بەو شێوەیەش لە نووسینەکەی ڕۆدێنکۆدا تۆمار کراوە. هەروەهاش پێی وایە شاعیری ناوبراو لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا نەژیاوە و گەرچی لە هەندێ سەرچاوەدا بە هاوچەرخی مەلای جزیری دانراوە؛ بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەوەیان دەرخستووە کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە. (سەجادی، ٧٥: ٢٠١٥). ئەم ڕوانینەی سەجادی پشتی بە لێکۆڵینەوەی عەبدولڕەحمان ئاداک لە کتێبی *دەسپێکا ئەدەبیاتا کوردیا کلاسیک* بەستووە کە ئاماژە بە دێڕێکی *یووسف و زولەیخا* دەکا و دەڵێ: ئەم دێڕە ئاماژە بە ساڵی نووسینی بەرهەمەکە دەکا: «لەورا ب حیکایەتێ شەنییە/ تاریخ ژ ئیسمێ حەق خەنییە». هێنانی «حەق خەنی» بەپێی پیتی ئەبجەد بەرامبەری

---

[1] Rudenko.
[2] Poème.
[3] Lyrique et Epique.

ڕێکەوتی ١٧٥٤/ ١١٦٨ دەبێ؛ کەوایە بەپێی ئەم زانیارییە سەردەمێ کە ئەم شاعیرە تێیدا ژیاوە، سەدەی ١٨ بۆ ئێمە دەستنیشاندەکات (ئاداک، ٢٠١٥: ٢٨٥).

سەجادی لە کتێبی *مێژووی ئەدەبی کوردی*دا کە تا ئێستا چەند بەرگی لێ بڵاوبۆتەوە؛ پێی وایە یەکەم دەرکەوتەی ئەدەبی نووسراوی کوردی لە ڕێبازی گۆرانیدایە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە زۆربەی هۆنراوە ئایینییەکانی کتێبی *سەرئەنجام* لە سەرەتادا بە شیوەی زارەکی هۆنراونەتەوە و دواتر و لە سەردەمانی تردا نووسراونەتەوە و ئێستا بە شێوی تۆمارکراو لە *کەلامی سەرئەنجام*دا لەبەردەست ئێمەدان. سەجادی پێی وایە یەکەم دەقی نووسراوی کوردی کە ڕاستی و دروستیی لە لایەن توێژەران و دەستنووسناسەکانەوە پشتڕاست کرابێتەوە؛ بریتییە لە شیعرەکانی مەلا پەرێشان دینەوەری کە دەچنە خانەی ڕێبازی گۆرانییەوە و لە ڕوی زارناسانەشەوە گەرچی بە زۆری لە سەر هەورامی پێکهاتوونە؛ بەڵام مۆرکی لەکی و تەنانەت هەندێ شێوەزاری تری کوردیشیان پێوە دیارە (٧٧ :٢٠١٦).

بێجگە لە لیریک و ئێپیک، هەندێ لە ڕەخنەگران بایەخیان بە نەبوونی جۆری سێیەم داوە کە ئەدەبی دراماتیکییە و لە بەرانبەریدا ئەدەبی شانۆییان بۆ داناوە و پرسیار لەو نەبوونییە دەکەن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، جۆری شانۆیی، جۆرێکە تەنیا لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا هەیە؛ ئەو کۆمەڵانەی گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی گەشەسەندنی ماددی و هزری و هونەری. ئەمەش وەك دیاردەیەك و وەك تایبەتمەندییەکی ئەدەبی، زیاتر لە ئەدەبی ڕۆژئاوا دەبینرێ؛ بۆ نموونە، جەمال ئەحمەدی لە *تاریخ ادبیات کردی*دا پێی وایە ئەو دابەشکردنەی بۆ ئەدەبی شانۆیی لە ڕۆژئاوادا دەکرێ و پێکدێ لە تراژێدی، دراما و کۆمێدی لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا بە کەمی دەرکەوتووە. ئەحمەدی دەڵێ: «توێژەران لەو بڕوایەدان بنچینەکانی هونەری شانۆیی لە ئێراندا (بە کوردیشەوە)، بە بەراورد لەگەڵ یۆنان و نەتەوەکانی تری ئۆروپا، زۆر سەرەتایی و کەممایەیە. شیعری شانۆییش هەمان هەڵکەوتی هەیە. لە ئەدەبی کوردیشدا بە هەمان شێوەی ئێران هێشتا لاوازتر و سەرەتایی ترە» (١٣٥٢: ٥٢).

ڕوانینی سەرەوە بایەخی خۆی هەیە؛ لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستن، بەم ئاراستەیەدا نەڕۆیشتوون. کێشەی سەرەکی بۆچی دەگەڕێتەوە کە توێژەران و ڕەخنەگرانی کورد لە پرسی باسکردنی جۆرەکانی ئەدەب، تەنیا باس لە لیریك و ئێپیك دەکەن؟ لە ڕوانگەی ئێمەوە، بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی سادەیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەبوونی تاکایەتی. لای سەجادی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردیدا دەرکەوتووە و بە شێوەی سادە و ساکار بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبی نووسراوی ڕۆژئاوادادا هەبووە؛ بەڵام نەگەیشتۆتە قۆناغی نووسراو و تەنیا بە شێوەی زارەکی و لە گەمە فۆلکلۆرییەکەکاندا بەکارهێنراوە (٢٠١٦: ٢٧).

### ٤ـ١ـ ڕوانینی گۆران

لای گۆران بابەتی جۆر ئەدەبییەکان پەیوەندییان بە ڕوانینە ڕەخنەییەکان و هونەری شیعری خۆیەوە هەیە؛ دەزانین لە زۆرێک لە وتارەکانیدا لە بابەت تێم، یان ناوەڕۆك و بابەتی کێش و سەروا و تایبەتمەندیی شیعری کوردی باسی لێوە کردووە، لە ڕوانگەی شیعر و پەخشانی شیعری باسی لێ‌کردووە کە لە لای ئەو مەرج نییە کێش ببێتە پێوەرێك بۆ بوونی شیعرییەت، ئەم بابەتە پەیوەندی بە دابەشکردنە هەرە کۆنەکانەوە هەیە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەریستۆ و ئەفلاتوون و هۆراس. گۆران لە وتاری *سەرنجێکی کورت لە شیعردا* دەڵێ: «ئەرستۆ[1] بە چاوی کەرتێکی ئەسڵی تەماشای کێش و سەروا ناکات بۆ شیعر، ئەمانە بە وێنە و بەرگ دادەنێ وە بە پێویستیان دەزانێ تەنیا بۆ هەڵبەست (نظم) نەك شیعر، وەلای وایە زۆر هەڵبەست هەیە، هیچ بەلای شیعردا ناچێت،

[1] Aristot.

هەروەك زۆر قسەی پەخشانیش پێویستە لە ڕیزی شیعری ساغدا جێگای بۆ بکرێتەوە» (لە ئاشنا ٢٠٠٢:٢٥). ئەمە یەکەمین سەرنجی گۆرانە کە دەروازەیەك بۆ چەند جۆرێکی ئەدەبی دەکاتەوە وەك شیعر و پەخشان و وەك شیعر و هەڵبەست .

لە وتارێکی دی بە ناوی «کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا» باس لە چەند جۆرە شیعر دەکا کە ڕاستەوخۆ لە ڕووی تێما و لە ڕووی فۆرمی دەرەکی کە ئەو بە وێنە، یان بیچم، یان بەرگی شیعری ناویان دێنێ، گرێیان دەدات بە جۆرە ئەدەبییەکانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، کە لە بنەڕەتدا لە لای ئەو پەیوەندییان بە جۆرەکانی شیعرەوە هەیە؛ گۆران دەڵێ: هەڵبەستی تازەی کوردی، بە زۆری چووەتەوە سەر کێشە نەتەوەییەکەی حونجە– پەنجە (هیجا – مقطع)، لە کاتێکدا کێشی هەڵبەستی کۆن (عروض) بوو. قالبی هەڵبەستی کۆن: قەسیدە، غەزەل، پێنج خشتەکی، چوارخشتەکی، تەرکیببەند بووە، لە کاتێکدا قالبی هەڵبەستی نوێ ئەگەر لیریك (غنائی) بێ پارچەیەکی کورت، یان درێژ دەبێ، کە پێکهاتووە لە ژمارەیەك بەندی دوو دێری، یان ٣، ٤، ٥، ٦،...تا، کە سەروای ئەم بەندانەش بە مەرجێك لە دوو دێر کەمتر نەبێ، بە جۆری جیاواز پێکەوە دەبەسترێن؛ لە هەڵبەستی تازەدا وێنەی قالبی دراماتیکی هەیە، کە لە هی کۆنا نییە؛ بەڵام قالبی داستان (ملحمە) و هەڵبەستی چیرۆکی لە کوردی کۆن و تازەدا تێکڕا وەکو یەکن (٢٥).

لەم وەسفەی گۆراندا چەند زاراوەیەك بەکارهێنراوە وەك چەندین جۆری فۆرمی شیعری جیاواز، جۆری ئەدەبی جیاواز وەك لیریکی، دراماتیکی، داستان و هەڵبەستی چیرۆکی کە مەبەستی شیعری چیرۆکییە، کە لە لای نووسەرانی دیکەش بەکارهاتووە. ئەگەرچی لای گۆران وەك کێشەیەکی زاراوەناسانە هەندێ جار لە نێوان شیعر و هەڵبەست تێکەڵییەك دروست دەبێ؛ بەڵام بە ڕوونی لە پاژی بەرایی شیعر و هەڵبەستدا لێکیان جیادەکاتەوە؛ بەڵام کە دێتە سەر بابەتە سەرەکییەکانی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، زاراوەی هەڵبەست بە مانا بەربڵاوەکەی شیعر بەکاردەهێنێ. ئەمەش هەڵکەوتەکەی ئاڵۆز کردووە؛ بەڵام بە دڵنیاییەوە لەم پاژەدا گۆران لە زاراوەی هەڵبەست مەبەستی شیعرە، چونکە لە سەرەوە هەڵبەست بە نەزم دادەنێ.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە لەم وەسفەدا ئەوەیە گۆران باس لە شیعری دراماتیکی دەکا کە لە شیعری کۆندا وێنەی نییە و زیاتر پەیوەندی بە ژیانی ئەمڕۆوە هەیە؛ ئەمەش وەك ڕوانین و بۆچوونێکی دروستە. ئەگەرچی ئێمە پێمان وایە هێشتا ئەم جۆرە ئەدەبە، یان ئەم جۆرە شیعرە بە ڕوونی لە ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵات دیار نییە و بە لێڵی هەست بە بوونی دەکرێ؛ بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ڕوانینەکانی گۆرانە لەبارەی هونەرەکانی شیعری کوردی لە کۆن و نوێدا، بەتایبەت لەم وتارە و وتارەکانی دی زۆر دەوڵەمەندە و بێگومان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی دیکەی وردتر وەك بابەتێك بۆ هونەری شیعری گۆران هەیە؛ خوێنەر هەست بە خوێندنەوەی گۆران و شارەزایی ئەو لەمەڕ هونەری شیعر بەو شێوەیەی لە ئەرستۆوە هاتووە؛ دەکات تا دەگاتە شاعیری پارناسی فرانسی سوللی پرۆدۆم[1] کە گۆران لە وتاری پێشووشدا ناوی دەهێنێ.

گۆران لە وتارێکی تردا بە ناوی *مێژووی ڕەخنە بە کورتی لە کوردییا* پاش ئاوڕدانەوە لە یۆنانییەکان و عەرەبەکان و ئۆروپییەکان، بە پوختی باس لە گەشەسەندنی شیعر و پەخشانی کوردی دەکا. ئەو بۆ شیعری درامی، یان شانۆیی زاراوەی (هەڵبەستی– تەماشا– تەمسیلی) بەکاردەهێنێ. بەم جۆرە دەبینین لە لای گۆران جۆرەکانی ئەدەب گرێدراون بە جۆری شیعر، یان وردتر بە هونەری شیعرەوە و بە پلەی یەکەم بەستراونەتەوە. ئەم بنجۆرانە بریتین لە شیعری لیریکی، دراماتیکی، داستان هەڵبەستی چیرۆکی، هەڵبەستی تەماشا، چیرۆك و ڕەخنەش وەك دوو فۆرمی پەخشان.

---

[1] Sully Prudhomme.

## ٤ـ٢ـ ڕوانینی عەلائەدین سەجادی

لای عەلائەدین سەجادی بابەتەکە قووڵتر و ئاڵۆزتر دەبێتەوە. ڕوانینەکانی سەجادی هەر وەك گۆران لەسەر بنچینەی تایبەتمەندیی کەسایەتیی ئەدەبی و کولتووریی کوردی بنیات نراون؛ واتە خوێندنەوەیەکە زیاتر ڕووی لە ناوەوەی ئەدەبی کوردییە. ئەم دووانەش لە ڕوانینەکانی خۆیاندا زۆر بایەخیان بەم تایبەتمەندییەی کوردییە داوە. ئەمەش لەگەڵ ڕوانینە تیۆرییەکان لەمەڕ تیۆریی جۆرە ئەدەبییەکان هەر وەکو لە سەرەوەدا هاتووە؛ تێکدەکاتەوە، وێڕای لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی ئەدەبی کوردی و جۆرەکانی لە ڕووی فۆرمی ناوەکی و فۆرمی دەرەکی، واتە لە ڕووی ناوەڕۆك و لە ڕووی قالبی شیعرییەوە وەك بەو شێوەیەی لە لای نووسەرانی هاوچەرخی گۆران و سەجادی بەکارهاتووە.

سەجادی لە کتێبی *نرخشناسی*دا کێش بە نیشانەیەکی سەرەکیی جیاوازیی نێوان هۆنراوە و پەخشان دادەنێ. لێرەوە لەم ئاستەدا هەست بە جۆرەکانی ئەدەب دەکرێ. پاشان تەواوی ڕوانینەکانی ئەو لە مێژوونوسییە ئەدەبییەکەیدا چڕبۆتەوە و خراونەتەڕوو. سەجادی کە باس لە دەورانی، یان سەردەمەکانی ئەدەبی کوردی دەکا؛ جۆرەکانی ئەدەبیش پێبەپێ لەگەڵ سەردەمەکان دەرکەوتوون. لای ئەو هەموو مێژووی ئەدەبی کوردی لە سێ سەردەم کۆکراونەتەوە کە ئەو وشەی دەور و دەورانی بۆ بەکاردەهێنێ؛ دەوری یەکەم، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆن، بۆ سەردەمی ئیسلامی و لە دەوری دووەم و سێیەم شیعر گەشە دەکا. سەجادی دەڵێ لەم دەورەدا ئەدەبی پەخشان گەشەی کردووە و لە ئەفسانە و چیرۆك و هەقایەتدا خۆی نیشانداوە؛ ئەگەر نەنووسرابنەوە. ئەمەش ڕوانینێکی سەرنجڕاکێشە، بەو مانایەی هەردەم پەخشانی کوردی هەبووە؛ چونکە لە ناو کوردا ئەفسانە و چیرۆك و داستان بۆ گێڕانەوە هەبووە؛ ئەگەرچی تۆمارکردن و نوسینەوەشیان بوونی نەبووبێ. ئەم تایبەتمەندییە لە سەردەمە کۆنەکاندا بابەتێکی ئاسایی بووە، پاشانیش لەو سەردەمە کە تۆمارکردن نەبووە؛ گۆکردن، یان بە گشتی ئەدەبی زارەکی بوونێکی بەرچاوی هەبووە؛ هەڵبەت بە گەلێك هەڵکەوتی جۆری ئەدەبی وەك لیریکی و ئێپیکی.

لە دەوری سێیەمدا بە رای سەجادی شیعر و جۆرەکانی شیعر گەشەیان کردووە؛ بەڵام لەم دەورەدا *ڕۆژنامە* جێگەی پەخشانی گرتۆتەوە. دەرکەوتنی ڕۆژنامەش سەرەتای نوێبوونەوەیە، لەم سەردەمەش فۆرمی وتار و چیرۆك، یان بە گشتی پەخشانی نوێ بە گەلێك جۆر و بە تێمی جیاجیا دەردەکەوێ. لە لای سەجادی دەوری سێیەم دەورێکی تێکهەڵکێشە، لەم دەورەدا شیعر و پەخشان و شانۆ هەیە. ئەمەش تەواوی جۆرەکانی ئەدەب لە مێژووی ئەدەبی دەگرێتەوە. پاشان لە شوێنێکی تردا هەر لەمەڕ جۆرە ئەدەبییەکان سەجادی دەڵێ: «ئەدەبی کوردی سێ ڕێچکەی گرتووە: ١- ئەفسانە و داستان. ٢- قسەی نەستەق و پەندی پێشینان. ٣- هۆنراوەی تازەکی خەیاڵی شاعیران» (١٣٩١: ١١٨).

لە لایەکی ترەوە، سەجادی باس لە سێ جۆری ئەدەبی دەکا کە بریتین لە داستان، ئەفسانە (میتۆلۆژیا) و چیرۆك و وەك سێ جۆری گەورە باسیان دەکات. کێشەی جۆرە ئەدەبییەکان هێشتا لەم ڕوانینانەی سەرەوەی سەجادی بە ڕوونی دەرناکەوێ؛ چونکە لەم وەسفانەی سەرەوە کۆمەڵێك زاراوە هەن وەك شیعر و پەخشان و شانۆ، داستان، چیرۆك و ئەفسانە کە بە وردی و لە ڕووی فۆرم و پێکهاتەوە جیاوزییەکانیان دەستنیشان نەکراون. لە ئەدەبی کوردیدا، کێشەی چەشنە ئەدەبییەکان لە ڕوانگەی سەجادی تەواو بەستراونەتەوە بە جۆرەکانی شیعرەوە. ئەمەش ڕوونتر لەگەڵ بنچینە تیۆرییەکانی جۆرە ئەدەبییە کلاسیکەکان وەك لە سەرەوەدا هاتووە تێکدەکاتەوە. سەجادی شیعری کوردی بە سێ جۆر دابەش دەکات: ١- هۆنراوی شەڕوشۆڕ ٢- هۆنراوی گۆرانی ٣- شیعری لاسایی. بەپێی ئەو وەسفەی بۆ هەرکام لەمانە نووسیوێتی، دەبێ یەکەم بەرانبەر بە ئێپیکی بووەستێ؛ چونکە ناوبراو بە درێژی پوختی وەسفی ئەم جۆرە شیعرە دەکا و دەڵێ:

«هۆنراوی شەڕ و شۆڕ ناوی بە خۆیەوەیە، لە پێشا کارەساتی خواکانی ئەگێڕایەوە. لە پاشا کە دەوری ئەو خوایانە بەسەرچوو بڕا بەسەر نەبەردی پاڵەوان و هەوای جەنگیدا (...) ئەمەش لە کوردیدا وێنەی زۆرە، یەکێ لەوانە شەڕی "شەماڵ و زەلانە، (...) ئەم داستانە کارەسات و ئەفسانەی خەیاڵییە. خاوەنەکەی نازانرێ کێیە و لە چ وەختێکدا دانراوە. هەندێك دەڵێن هی «میزا شەفیع» ـە، بەڵام وا نییە؛ چونکە بە گەلێ زەمان لە پێش میزا شەفیع بیستراوە» (١٣٩١: ١٦٦).

جۆری دووەم دەبێ بەرانبەر بە شیعری لیریکی بووەستێ کە ئەو بە «هۆنراوی گۆرانی» ناوێ دەهێنێ. سەجادی دەڵێ: « ئەم هۆنراوە سەرەتا کە داهاتووە لەگەڵ بلوێر و دووزەلە دەوترا، لە پاشا وای لێهات هەر شیعرێ کە تەعبیری لە عاتیفە بداتەوە وەکو غەزەل و پەسن و شانازی، پێیان دەوت شیعری گۆرانی، ئەم جۆرە شیعرانە تا ئێستا لەناو کوردیدا بەم چەشنە تاریف نەکراوە؛ واتە غەزەل و مەتح بە شیعری گۆرانی نەزانراوە؛ بەڵکو گۆرانییان هەر بە شیعری بەستە وتووە« (١٣٩١: ١٦٦). ئەم وەسفە تەواو لەگەڵ شیعری لیریکی دەگونجێ؛ بەو مانایەی لە شیعری لیریکی کەسایەتیی شاعیر و هەست و عاتیفەی خۆی بە پلەی یەکەم دێ و شاعیر قسە لەگەڵ خۆی دەکا. بێجگە لەمە لە بنچینەی شیعری لیریکیش ئامێری موزیك هەیە؛ ئامێری (لیر) بۆ خۆی ئامێرێکی سادەی موزیکی کۆنی یۆنانی و ئۆروپییە، دەکرێ هەمان هەڵکەوتی بلوێر و دووزەلەی کوردی هەبووبێ. لە بارەی ئەوەی سەجادی دەڵێ زۆربەی شیعری کوردی دەکەوێتە بەر شیعری گۆرانی وەك بەو شێوەیەی لە لای فرانسییەکان پێناسەی زانستی بۆ کراوە، سەرەڕای ئەوەی سەجادی سەرچاوەکەی خۆی لەم بارەیەوە دەستنیشان نەکردووە؛ بەڵام ئەم ڕوانینە لەگەل ئەم پێناسەی سەرەوە بۆ شیعری لیریکی تێکدەکاتەوە، لە ڕوانگەی ئەو بەپێی ئەم پێناسەیە تەواوی شیعری کوردی، یان زۆربەی هەرە زۆری شیعری لیریکین.

جۆری سێیەم کە شیعری لاساییە، دەبێ بەرانبەر بە شیعری دراماتیکی، یان شیعری شانۆیی، یان وەك گۆران دەڵێ هەڵبەستی تەماشا و تەمسیلی بووەستێ. گۆران مەبەستی لەم وشەی هەڵبەستە شیعرە، یان کە بە «شیعری ساغ» ناوی دەهێنێ و هەڵبەست بەرانبەر بە نەزم دایدەنێ وەك لە سەرەوەدا هاتووە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە لە وەسفەکانی سەجادی بۆ ئەم جۆرە شیعرە، هەست بە کێشەیەکی ئاڵۆزتر دەکەین کە ئەو پێی وایە ئەگەر باس لە شیعری دراماتیکی بکەین ئەو بە شیعری لاسایی[1] ناوی دێنێ، ئەوا هەر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شیعری شەڕوشۆڕ و گۆرانییەکانەوە هەیە. ئەو پێی وایە داهێنەرانی ئەم جۆرە شیعرانە بێکەس و گۆرانن کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ئۆروپی، بەتایبەت ئەدەبی فرانسییەکان، سەجادی لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەم هۆنراوەیە لەم ئاخرەدا فەرەنسزییەکان ئەم ناوەیان بۆ دانا، ئەگینا لە پێشا ئەم ناوە نەبوو؛ چونکە لاسایی ئەگەر ڕاستت ئەوێ شیعرە شەڕ و شۆڕ و گۆرانییەکانە؛ بەڵام لەبەر ئەوە هونەر (فەن)ێکی تێدایە و یەکەیەکەی پیاو ئەگرێت، لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە چاری تەنگوچەڵەمەی نەفسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و خوو و ڕەوشت ئەکا، گۆیا لە فەسالەکەیا لەوان جیا ئەبێتەوە، جا بەم بۆنەوە ئەم ناوەیان بۆ دانا. هۆنراوی لاسایی بەم مەعنایە لەناو کورد نەبووە، مەگەر لەم دواییەدا نەبێ کە بێکەس و گۆران ئەم ئاگرەیان هەڵگیرساند. کورد لە شیعری شەڕ و شۆڕ کە شیعری چیرۆکیشی پێ دەوترێ لەسەر تەعریفی فەرەنسزییەکان لە شیعری گۆرانیشدا بە ئەندازەی دەستەڵات تیایا دەوڵەمەندە. (...) ئەمانەش ئەگەر لەسەر تەعریفی ئەووەڵ بێ، ئەوا هەمموو شەڕوشۆڕن، وە ئەگەر لەسەر تەعریفە عیلمییەکەی فەرەنسە بێ، هەندێکیان شەڕ و شۆڕن و هەندێکیان گۆرانی لەگەڵ لاساییدا، ئەمانەش وەکو خورشید و خاوەر، لەیلێ مەجنون، شیرین و خەسرەو، شیرین و فەرهات، بارام و گوڵەندام، ڕۆستەم و زۆراو و هتد،» (١٣٩١: ١٦٧).

لەم ڕوانینە قووڵانەی سەجادی‌دا هەست بە پرسی ئاڵۆزی کێشەی جۆرە ئەدەبییەکان دەکرێ. لە وشەی فەساڵ مەبەستی فۆرمە کە ئەم شیعرە لەم ڕووەوە لە شیعری «هۆنراوی گۆرانی» جیایە و لە هەندێ ڕوویشەوە لەگەڵی یەك دەگرێتەوە. لە لای سەجادی بەپێی ئەم وەسفە هەموو ئەدەبی (شیعر) کوردی لاساییەکە بەرانبەر بە دراماتیك دەوەستێ. لە دوو جۆری بەرایی

---

[1] Mimesis.

کۆدەبێتەوە ئەمانیش شیعری شەڕوشۆڕ و شیعری گۆرانین، بەڵام ئەو جۆری سێیەم کە شیعری دراماتیکییە بە داهێنراو دەزانێ، ئەمەش لە لای ئەو ڕەگێکی ئەوتۆی نییە و پێی وایە ئەمە لە لایەن گۆران و بێکەسەوە داهێنراوە .

لەم ڕوانینەی سەجادی کێشەیەکی ئاڵۆزی زاراوەسازی و کێشەی تایبەتمەندیی فۆرمی ناوەکی و دەرەکی هەر یەك لەم جۆرانە دەردەکەوێ. هەر وەك چۆن سەجادی خۆی لە پاژی دوایی ئەم تێکستەی سەرەوەدا ئاڵۆزییەکەی پیشانداوە. دەبێ لای ئەویش دوو جۆری ئەدەبی هەبن، ئەمانیش شیعری لیریکی و شیعری ئێپیکین. پرسی ناوەریارۆکی شیعری لاسایی کە ئەو لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ دەکا، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی شیعری ئێپیکی زیاتر دەگونجێ کە هەر خۆشی لە هەمان پاژدا زاراوەی «چیرۆکی شیعری» بەکار دەهێنێ؛ بەو مانایەی ئەم جۆرە شیعرە گێڕانەوە و کەسایەتیی زۆر و پەیامی ئێپیکی زۆری تێدایە و شاعیر لەگەڵ کۆمەڵ دەدوێ؛ نەك لەگەڵ خۆی. ئەم زاراوەیەش لای زۆربەی نووسەرانی تری کورد وەك چۆن لە خوارەوە دەیبینین هەر بەرانبەر بە ئێپیك دایدەنێن. هەموو ئەمانەش ئاڵۆزییەکی زۆری دروستکردووە؛ بۆیە لە ڕووی زاراوەسازییەوە دەبێ یەکگرتوویەك لە ئارادا بێ. ئێمە زاراوەی حەماسە بەرانبەر بە ئێپیك بە دروست دەزانین؛ نەك وەك باوە زاراوەی داستان، یان چیرۆکی شیعری بۆ دادەنێن، ئەگەرچی ئەمەش ڕێژەیەك دروستی تێدایە .

لە لایەکی تریشەوە، لە ڕوانگەی سەجادییەوە لەمەڕ جۆرەکانی شیعر کە وەك جۆری بچووکتر دەردەکەون کە هەر ئەمەش تا ڕادەیەك دەمانباتەوە بۆ کێشەی فۆرمە دەرەکییەکانی شیعری کوردی، باس لە کەمیی شیعری پەسن، یان ستایش دەکات. بە ڕای ئەو، هۆکاری کەمیی شیعری پەسنی لە ئەدەبی کوردیدا پەیوەندیی بە کێشەی سیاسییەوە هەیە؛ هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکییە. سەجادی دەڵێ: «شاعیرانی عەرەب مەتحی کۆشکی عەباسییەکانیان ئەکرد و فارسەکان هی بەرمەکییەکان و شتیان وەرئەگرت، بەڵام (کوردەکان) مەتحی کێ بکەن؟ بە ناچاری پاڵیان ئەدا بە ئایینەوە و لایان وابوو دونیاکە خراپ بووە» (۱۳۹۱: ۱۷۰).

سەجادی لەم ڕوانینەدا سەرنجمان بۆ دینامیکی سۆسیۆ-ڕامیاری، یان کۆمەڵایەتی-ڕامیاری دەباتەوە، کە چۆن دینامیکییەکی لەم جۆرە هەندێ جار شەقڵێکی تایبەت بە ئەدەبێك دەبەخشێ، یان چۆن تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان شێوەیەك وەردەگرن. هەڵبەت ئەمەش لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کەمتر سەرنجی دراوەتێ. هەمان هۆکاریش لە پشت نەبوونی لایەنی دراماتیکییە لە مێژووی ئەم ئەدەبە. بە پێچەوانەوە دەبینین هەمان هۆکاریش لە پشت دەوڵەمەندیی ئەدەبی دراماتیکییە لە مێژووی ئەدەبی ڕۆژئاوادا. لە ڕوانگەی سەجادی ئەفسانە میتۆلۆژییە، وەك جۆرێکی سەرەتایی ئەدەبی زیاتر سەر بە فۆرمی پەخشان لە قەڵەمی دەدا؛ ئەگەر تۆماریش نەکرابێ. بەم پێیە ئەم هەڵکەوتە سەرەتاییە دەبێ لە ئەدەبی نوێ؛ یان بە گشتی لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری لیریك کەم بووبێتەوە. سەجادی لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە کوردیشدا وشەی ئەفسانە بۆ کارەساتی زۆر کۆن بەکارئەهێنن، جا بەو بۆنەوە ئێمەش کە وتمان ئەفسانە مەبەست ئەو چیرۆك و ڕازە کوردیانەیە کە دەماودەم بۆ ڕابواردن ئەیگێڕنەوە. عالمە بێگانەکان وەکو ڕەمەکی مەردمەکە گەلێ لە ئەفسانە وردبوونەوە و کردوویانە بە عیلمێکی سەربەخۆ. ئێستەش لەناو کوردەواریدا کە بووترێ چیرۆك، هەروا بەشتێکی خەمرەوێنی ئەزانێ، نەوەك بە شتێك کە بناغەی ئەدەبیات و بناغەی کردەوەی باووباپیرانە، بەڵام بێگانە وا نین »(۱۳۹۱: ۱۱۹).

هەر ئەم دیاردە، یان هەڵکەوتە کۆمەڵایەتییەش لە پشت بە گرنگ نەزانینی تۆمارکردنی چیرۆك و ئەفسانەدا هەیە کە وەك نموونەیەکە بۆ پەخشانی نەنووسراو وەك جۆرێکی ئەدەبی تا سەردەمی نوێ، کە دواتر وەك سەجادی بۆی دەچێ بە ڕۆژنامە شوێنی پڕ دەکرێتەوە. ئەمەش سەردەمێکی نوێیە و مەبەست لە ڕۆژنامە بە پلەی یەکەم لە لای ئەو پەخشانی نوێیە کە خۆی لە وتار و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆدا دەدۆزێتەوە.

## ٤ــ٣ــ ڕوانینی خەزنەدار و گەردی

لە سەرچاوەی دی کە باس لە جۆرە ئەدەبییەکان دەکرێ، بەتایبەت لە بارەی جۆری شیعر و سەرهەڵدانیان، تەنیا تیشک دەخرێتە سەر دوو جۆر کە ئەوانیش «لیریك و ئیپیك» ن. عەزیز گەردی لە کتێبی *کێشی شیعری کلاسیکی کوردیدا* کە گرنگییەکی بەرچاوی بە فۆرمە دەرەکییەکانی شیعری کوردی داوە لە چوارچێوەی کێش و ڕیتم و سەروا و زۆر بابەتی دی باس لە جۆرە ئەدەبییەکان دەکا و دەڵێ: «... پاشان کە شیعر بوو بە دوو بەش، شیعری لیریکی و شیعری چیرۆکی، شیعری لیریکی بۆ چڕین و شیعری چیرۆکی بۆ گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهات..» (١٩٩٩: ٦٩). لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: «کێش و ڕیتم نیشانەیەکی سەرەکی و جیاکەرەوەی شیعر پێکدەهێنن. کێش و ڕیتم لە شیعر بکەوە، شیعر دەبێ بە پەخشانێکی هونەری و بەس» (٩). لە لای عەزیز گەردی کەمتر بایەخ بە تایبەتمەندییە کوردییەکان دراوە. لە کتێبی ناوبراودا بە وردی باس لە فۆرمەکانی شیعر دەکرێ؛ بەڵام نازانین بۆ نموونە، قەسیدە چییە؛ یاخود بەیت، چامە، داستان، شیعری لیریکی، شیعری چیرۆکی، مەلحەمە لە ڕووی پێکهاتەی ناوەوە و دەرەوە چۆنن. ئەو گرنگییەکی بەرچاو بە فۆرمە دەرەکییەکان دەدا. لە ڕوانگەی ئەوەوە، کێش و ڕیتم بنچینەی شیعر پێکدەهێنن و لە مێژووی شیعری کۆن و نوێی کوردی دوو جۆرە کێش و ڕیتم هەبووە. هەموو ئەمانەش لەگەڵ ڕوانینەکانی گۆران و سەجادی تێکدەکەنەوە. گەردی دەنووسێ: یەکەم: ئەو شیعرانەی بە کێشی خۆماڵی و لەسەر بنەڕەتی ژمارەی بڕگە دانراون؛ ئەمە سەراپای شیعری فۆلکلۆری کۆن و نوێ دەگرێتەوە؛ لەگەڵ سەرلەبەری شیعری زاری گۆرانی «هەورامی» (جگە لە چەند پارچە هەڵبەستێکی شێخ شەهابەددین و صەیدی هەورامی)، ئەمەیان یەك کێشی بڕگەیی تێدا بەکارهاتووە کە کێشی دەبیە «٥+٥-»، لەگەڵ شیعری نوێی کوردی کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی ناو گەلانی ڕۆژهەڵات و لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی نوێخوازی شیعری تورکی گەڕانەوەیان بۆ کێشی میللی و فۆلکلۆری سەری هەڵدا. دووەم: ئەو شیعرانەی بە کێشی عەروزی دەستکاری کراون و نووسراون هەر لە کۆنەوە کاریگەری ئەو عەروزە لە ڕێگەی ئەدەبی فارسییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی (١٩٩٩: ١٠).

ئەم ڕوانینەی سەرەوە خوێندنەوەیەکی سەرتاپاگیرە بۆ فۆرمە دەرەکییەکانی شیعری کوردی. لەم خوێندنەوەیەدا تێم و کێشەی جۆرەکانی ئەدەب، یان شیعری کوردی بزرن؛ بەڵام ناوبراو هەموو جۆرەکان لە دوو جۆر شیعر کورت دەکاتەوە، ئەمانیش شیعری لیریکی کە لای سەجادی و ئەوانی دی بە «هۆنراوەی گۆرانی» هاتووە. دووەمیش شیعری چیرۆکییە، کە لای سەجادی بە شیعری «شەڕوشۆر» ناوی لێبراوە. هەر بە هەمان شێوە، سەجادیش زاراوەی «شیعری چیرۆکی» بەکار دەهێنێ، کە لای هەندێکی دیکە هەر بە شیعری لیریکی و ئێپیکی هاتووە.

مارف خەزنەدار، لە *مێژووی ئەدەبی کوردیدا*، بە پێچەوانەی گۆران و سەجادی، وەك عەزیز گەردی، شیعری کوردی بە دوو جۆر دابەش دەکا: لیریك و ئێپیك. خەزنەدار باس لە شیعری دراماتیکی و پەخشان ناکا، بەو مانایەی ئەم جۆرە ئەدەبییانە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بوونیان نییە و پەخشان لە ئەدەبی کوردیدا ژانرێکی ئەدەبیی نوێیە. بێگومان ئەمەش ڕوانینێکە پشت ئەستوور نییە بە وردبوونەوەی تیۆری. لێرەدا پرسیاری ئەوە ناکرێ لە کۆندا پێش سەرهەڵدانی پەخشانی نوێ، لەبەرچی پەخشان نەبووە. ئەم بەشە لە بۆچوونەکانی خەزنەدار لەگەڵ ڕوانینەکانی سەجادی ناکۆك دێتەوە.

هەر ئەم وردنەبوونەوە تیۆریکەش وا دەکا پرسیاری ئەوە بکەین ناوبراو لەبەرچی جۆرە ئەدەبییەکان تەنیا لە دوو جۆردا کۆدەکاتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە ئێمە دەزانین لە هەموو ئەدەبێکدا هەردەم پەخشان لە مێژووی خۆیان بە فۆرمی جیاجیا هەبووە و ناشێ لە ئەدەبی هیچ نەتەوەیەکدا پەخشان نەبووبێ. پاشان بە پێچەوانەی گۆران و سەجادی، هەوڵ نەدراوە بیرکردنەوەیەك سەر بە تایبەتمەندییەکانی کوردی لە کێشەی جۆرە ئەدەبییەکان پێشکەش بکرێ. ئەمەش خەیاڵمان بۆ ئەوە دەباتەوە خەزنەدار زیاتر دابەشکردنە ڕۆژئاواییەکان بەسەر ئەدەبی کوردی پەیڕەو بکا کە خۆی لە لیریك و ئێپیکدا دەدۆزێتەوە؛ بێ ئەوەی پرسیار لە

نەبوونی ئەدەبی دراماتیکی بکرێ؛ ئەو پێی وایە لە ئەدەبی کوردیدا نییە. بێگومان سەبارەت بە نەبوونی ئەدەبی دراماتیك خەزنەدار ڕاستی بۆ چووە؛ بەڵام وردبوونەوە لە ئەدەبی ئێپیکی و دانانی بەرامبەر بە داستان و جووتسەروا و بەیت و مەلحەمە و چیرۆکی شیعری کە فۆرمی ئەدەبی کوردی کۆن و نوێن، ناکرێ بێ پشکنینی تیۆریک بخرێتە بەرامبەر ئێپیك. ئەم خاڵە کێشەی گەورەی ڕوانینی ئەوە لە وەسفەکانی بۆ جۆرەکانی ئەدەبی. خەزنەدار بە دوو شێوە باس لە لیریك و ئێپیك دەکا: لە ڕووی ڕوخسار کە ئێمە بە فۆرمی دەرەکی دادەنێین، هەروا لە ڕووی ناوەرۆکەوە کە ئێمە بە فۆرمی ناوەکی دادەنێین. هەر وەك لە سەرەوە بە چەشنێکی تر لە ڕووی تیۆریکەوە ئەو بابەتە لێکدراوەتەوە. ڕوخسار لە لای خەزنەدار فۆرم دەگرێتەوە. بە بۆچوونی ئەو لە هەرکام لەم دوو جۆرە شیعرە وەك دوو جۆری گەورە، دابەشی بنجۆر و ژێرچەشنی تر، یان جۆری لاوەکی دەبن؛ وەك لە خوارەوە دەیبینین: شیعری کوردی لە ڕووی ڕوخسارەوە، بەتایبەت لە بابەتی قەوارەوە دەکرێ بە دوو بەشەوە، یەکەمیان لیریکی؛ دووەمیان ئێپیك (ئێپۆس). لیریك بە پارچە شیعرێکی کورت و قەوارە بچووك دەوترێ، ئەمە تاك، چوارین، دووبەیت، پارچە، غەزەل، قەسیدە و گەلێ شتی تریش دەگرێتەوە. هەرچی «ئێپۆس« یشە، بە شیعرێکی درێژ و قەوارە گەورە دەوترێ. دەتوانین گەلێ زاراوەی تر بۆ ئەم جۆرە هونەرە بدۆزینەوە؛ وەکو چیرۆکی شیعری، داستان، مەلحەمە، کورد خۆشی «بەیت» ی پێ‌دەڵێ، بەتایبەت وەکو زاراوەیەك لە ئەدەبی نەتەوەییدا بەکاردەهێنرێ (۲۰۰۱: ۱۶۱).

کەواتە، لە لای خەزنەدار تەنیا دوو جۆری ئەدەبی هەن و بۆخۆیان دابەشی چەند ژێرچەشن و بنجۆر دەبن. ئەوەی لەم ڕوانینەدا کێشە دروست دەکا، تاك، دووبەیت، پارچە، پەیوەندییان بە فۆرمە دەرەکییەکانەوە هەیە، نابێ لەگەڵ زاراوەکانی وەك غەزەل، قەسیدە و زۆری تر تێکەڵ بکرێ، کە لە شیعری کوردیدا زۆرن و زۆربەی توێژەرەکانیش باسیان کردووە؛ وەك چوارخشتەکی و پێنجخشتەکی و تەخمیس و تێکهەڵکێش و زۆری تر. ئەم ناونیشانانە پەیوەندییان بە تێمی جیاجیاوە هەیە. وەک دەزانرێ، ناوەڕۆکی غەزەل جیاوازە لە قەسیدە، بەیت، چامە، داستان و مەلحەمەیە و هەر یەك لەم جۆرانەش لەوی تر جیاوازە.

ئەو ڕوانگەیەی سەرەوە پێویستی بە وردبوونەوەی زیاترە؛ بۆ نموونە، لە سەرەتادا ئێمە گوتمان حەماسە بەرانبەر بە ئێپیك دادەنێین؛ نەك داستان و مەلحەمە، یان چیرۆکی شیعری، یان بەیت، چونکە ئەمە تێکەڵکردنی شتەکانە و ئاراستەی تیۆری بزر دەبێ و مانایەکی ئەوتۆ نادا؛ بەڵام ئەوە ڕاستە داستان، یان بەیت، یان چیرۆکی شیعری هەموویان لە شیعری لیریکی جیاوازن کە ئێمە پێمان باشترە زاراوەی حەماسەی بۆ دابنێین، بەو مانایەی کۆمەڵێك کەسایەتی تێدایە و ڕووداو و مێژوویەکی خەیاڵی دەگێڕێتەوە؛ بەڵام شیعری لیریکی تەنیا دەنگی شاعیرە، زاتی شاعیر قسە لەگەڵ خۆی و جیهان و ئەویتر و سروشتدا دەکا، ئەمانەش لەبن جۆری شیعری وەك قەسیدە، چامە، غەزەل و شیعری گۆرانی دەردەکەون. لە بە بۆچوونی ئەحمەدی، شیعری لیریکی فراوانترین بەشە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەر وەك چۆن لە شیعری فارسی فراوانترین بواری مەعنەوی، بواری شیعری لیریکییە، لە شیعری کوردیشدا بە هەمان شێوە بەربڵاوترین بواری مەعنەوی، بواری شیعری لیریکییە. لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە شیعری عاشقانە، فەلسەفی، عیرفانی، مەزهەبی، هەجو، پەسن و وەسفی سروشت هەموویان شیعری لیریکین، وەك شیعرەکانی مەلای جەزیری، ئەدەبی یارسان، مەلای باتەیی، فەقێی تەیران، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، کوردی، مەولەوی، بێسارانی، کەیفی، جەلی، شێخ ڕەزا، ئەرکوازی، سەید یەعقوبی ماهیدەشتی، مەلا پەرێشان، میرزا عەبدولقادر، فەقێ قادری هەمەوەند و زۆری دی لە شاعیرانی ئەدەبی کوردی کە لە جۆری ئەدەبی لیریکین. (۱۳۵۲: ٤٨)

ئەو دابەشکارییەی سەرەوە بە شێوەیەکی زۆر گشتی دەرکەوتووە؛ بۆ نموونە، شیعرەکانی فەقێ تەیران، بەزۆری، مەنزوومە و چیرۆکەشیعرن. خانیش، ئەگەرچی شیعری لیریکی هەیە؛ بەڵام وەک دیارە زۆرترین ناوبانگی بۆ *مەموزین* دەگەڕێتەوە. ئاخۆ بەپێی بۆچوونی نووسەری ئەو سەرچاوەیە، هەموو بەرهەمی شاعیرانی باسکراو دەچنە خانەی شیعری لیریکەوە؟ بێگومان لێرەدا جۆرێک لە گشتاندن دیارە و ناکرێ ئەو حوکمە بەسەر هەموویاندا داسەپێنین. لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە، ئەو جۆر و بنجۆرە شیعرییانە، واتە عاشقانە، فەلسەفی، سۆفییانە، ئایینی، هەجو، پەسن و وەسفی سروشت هەموویان بە شێوەیەک و بە

گوێڕەی هەندێ دابەشکاری دەچنە خانەی شیعری لیریکەوە، بەڵام دیارە چ لە ڕواڵەت و چ لە بابەتدا جیاوازییان هەیە. لە نموونەیەکی تردا، خەزنەداریش ئەو باسەی کردووە و قامکی لەسەر شیعری ئێپیکی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە داناوە. ئەو بە درێژی باس لە بنچینەی سامی و عەرەبی و ئیسلامی و کوردی دەکا، بۆ لیریك و ئێپیك وەك *یوسف و زولەیخا* و *حاریسی* بەدلیسی و کاریگەریی کوردیش وەك *شیرین و خوسرەوی* خانای قوبادی. ئەو دوو بنەمایە بۆ ئەم دوو جۆرە شیعرە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەستنیشان دەکا، کە بە ڕای ئێمە وردەکاری تیۆریکی تێدا نییە. خەزنەدار بەم شێوەیەی خوارەوە پەرژاوەتە سەر بابەتەکە: لە دوای ئەم پیشاندان و لێکۆلینەوە لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەگەینەوە ڕاستییەك ئەویش ئەوەیە ئەدەبی کوردی لە دوو شێوازدا خۆی دەنوێنێ، یەکێکیان خۆماڵییە و ئەویتریان لە ئەنجامی لێکدانی شارستانییەتی هەر چوار نەتەوە هاوسێکە (عەرەب، فارس، تورك و کورد) کە بە ئایینی موسلمان دروست بووە. یەکەمیان شیعری لیریك و چیرۆکی شیعرییە، دووەمیان غەزەل و قەسیدەیە، بەرهەمی ئەدەبی کوردی کە بە شێوازی غەزەل و قەسیدە هاتۆتە ناوەوە، ڕەسەن و کوردانەیە وەك شیعری لیریکی و چیرۆکی شیعری (٢٠٠١: ١٨٠).

لەم ڕوانینەی سەرەوەدا وردەکاریی تیۆریکی و کێشەی زاراوەسازی بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ دەرکەوتووە؛ بەتایبەت کە شێواز بۆ جۆری ئەدەبی بەکار دەهێنێ. لەو لاشەوە کە باس لە ئێپیك (حەماسە) دەکا؛ تێرمی «چیرۆکی شیعری» بەکاردەهێنێ. ئەوەش کە بابەتی ڕەخنەیە، بوونی ئەو پاشخانە ئیسلامی و عەرەبی و سامییەیە کە ئەو باسی دەکا، بە تایبەت لە چیرۆکە شیعرییەکان، یان داستان و مەلحەمەکان وەك خۆی باسی دەکا، نەك لە غەزەل و قەسیدە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ تایبەتمەندیی کوردی. ئەمەیان بابەتێکە گفتوگۆ زۆر هەڵدەگرێ؛ چونکە ڕاستە کاریگەریی فارس،–عەرەب، تورك و ئیسلام لە سەر کورد زۆرە و جێی گومان نییە؛ بەڵام جۆری ئەدەبی ناتوانرێ دابهێنرێ و تەنیا هەر بە کاریگەریی دەرەکیش دروست نابێ. جۆری ئەدەبی پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی کەونارای کولتووری و ماددی کەسایەتیی سۆسیۆسایکۆلۆژی، یان مۆرکی کۆمەڵایەتی - دەروونیی گەل، یان نەتەوەوە هەیە. مێژووی ئەمەش وەك شەقڵێکی کەسایەتیی کولتووری لە ئەدەبدا خۆی پیشان دەدا؛ وەك سەرهەڵدان و گەشەسەندن بزرە. لە باسی شیعری ئێپیکدا خەزنەدار دەڵێ: «چیرۆکی شیعری (داستان - مەسنەوی) چیرۆکێکی شیعری بە قەوارە درێژە، زمانی سفت و پتەوە (کلاسیکییە)، زیاتر پەیوەندی بە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەوە هەیە. لە ڕووی کێشەوە عەروزی — سیلابی یە، لە ڕووی قافیەشەوە جوتقافیەیە (موزدەویج) ـە. هەرچی بەیتە، بە قەوارە زۆر درێژ نییە، زمانی میللییە و ڕستەی ساکارە و زۆربەی خەڵك تێی دەگا. کێشی خۆماڵی (سیلاب) یە و قافیەی ڕەنگاوڕەنگە و لەسەر بنجی بەند (کوپلە) دادەمەزرێ، بۆ مەبەستی گۆرانی ووتن دادەنرێ» (٢٠٠١: ١٦٩).

سەرەڕای نەبوونی وردەکاری لە تایبەتمەندیی ئەدەبی کوردی لەسەر بنچینەی خوێندنەوەیەکی ناوەکی لە لای خەزنەدار و تێکەڵکردنی ئەدەبی نووسراو بە ئەدەبی زارەکی، ئەمەی سەرەوە ناساندنێکە لە ڕووی فۆرمی دەرەکی کە زیاتر تایبەتمەندیی کوردی بۆ داستان، جووتسەروا، یان چیرۆکی شیعری، یان بەیت پێشاندەدا کە خەزنەدار و توێژەرانی ناوبراو لە سەرەوە هەمووی لە ئێپیکدا کۆی دەکەنەوە. ئەم جۆرە وەسفە بۆ شیعری حەماسە کە ئەو بە فۆرمی جیاجیا ناویان دەهێنێ، لە ڕوانگەی ئێمەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە شیعری حەماسە نییە. ئەمانە هەموویان تایبەتمەندیی شیعری کوردین کە جیاوازن لە شیعری لیریکی و نزیك دەبنەوە لە حەماسە، بەو مانایەی گێڕانەوە و کەسایەتیی زۆریان تێدایە. تەواوی بەیت و داستانە کوردییەکان ئەم هەڵکەوتەیان هەیە؛ چونکە ئەدەبی حەماسی هەندێ تایبەتمەندیی ئەدەبی و سەر بە فۆرمی دەرەکی و ناوەکی هەیە؛ لەمانەی سەرەوە کە جۆری شیعری تایبەتی کوردی نییە.

لێرەوە ئەو پرسیارە تیۆریکانە خۆیان ڕەپێش دەخەن کە ئاخۆ ئەم تایبەتمەندییانە لە بەیت و داستان و جووت‌سەروا و چیرۆکی شیعری و مەلحەمی کوردی هەن، کە ئەوان بە شیعری ئێپیکی (حەماسە) دەیچوێنن؟ بۆ نموونە، ئەم تایبەتمەندییانە لە چیرۆکەشیعرییە ئێپیکییە کوردییەکانی وەك *شیرین و خوسرەو*، *مەم و زین*، بەیتەکانی وەك بارام و گوڵەندام، یان *لاس و خەزال*، *خەج و سیامەند*، *لەیل و مەجنون*، *خورشید و خاوەر* دەدۆزرێتەوە. بێگومان ئەم تایبەتمەندییانە نادۆزرێنەوە. تایبەتمەندیی حەماسەیی، یان ئێپیکی تەنیا تا ڕادەیەك لە بەیتی *قەڵای دمدم* و شانامەکاندا هەیە؛ وەک ئەحمەدی دەڵێ: «ئەدەبی حەماسە لە لای نووسەرانی کورد بریتییە لە: ئێپیك، شیعری چیرۆکی، داستان، بەیت، مەلحەمە، بەڵام هەموو ئەمانە تایبەتمەندیی کوردین و حماسە نین: «حەماسە لە ئەدەبی عەرەبیشدا نییە، ئەوەش کە لە لای ئەبونەواس هەستی پێدەکرێ ناچێتە ناو خانەی حەماسە؛ چونکە بۆ ئەم جۆرە شیعرە عەرەبەکان زاراوەیەکی دی بەکاردەهێنن کە پێی دەگوترێ (مەلحەمە) ئەمەش زۆر جیاوازە لە تایبەتمەندییەکانی حەماسە بەو شێوەیەی ئێمە بۆی دەچین و لەسەرەوەدا هاتووە« (۱۳۹٤: ۵۰).

خاڵێکی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەرچی شانامەی کوردی و شانامەی فیردەوسی لێکدەچن؛ بەڵام بەپێی توێژینەوە نوێیەکان، لە هەندێ لایەنیشەوە زۆر جیاوازن. ئەم وتەیە کە شانامەی کوردی بە تەواوی بە کۆپی، یان وەرگێڕانی شانامەی فارسی دەزانرێت، وتەیەکی کلێشەییە و بە داخەوە زۆرجار لە لایەن خەڵکی ناشارەزاوە دووپات دەبێتەوە. گەر وەهاش بێت، پێویستە بەپێی بەڵگە و بە شێوەیەکی زانستی بسەلمێنرێت. هەروەهاش، مەلحەمە زۆر جیاوازە لە شانامە و بەیت و داستان و چیرۆکی شیعری و جووت‌سەروا لە ئەدەبی کوردیدا، یان فراوانتر لە کولتووری ڕۆشنگەریی کوردی، زاراوەی «داستان» بۆ خۆی مانای ڕەگ و ڕیشەی گێڕانەوە بە شێوازە کۆنەکەی شیعری کوردی دێ. سەجادی باس لە داستان دەکا و پێی وایە «داستان زۆرتر بۆ نەبەردی پاڵەوانان بەکاردەهێنرێت. وشەکە لە بنەڕەتدا داواستانە، واتە شوێنی جەنگ و شەڕوشۆڕ» (۱۳۹۱: ۱۱۹). کەواتە، لە باس‌وخواسدا سەبارەت بە جۆرە ئەدەبییەکان سەروکارمان لەگەڵ کێشەیەکی ئاڵۆز و گرێچنە و ئەم پرسەش بێگومان خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێ. لەم باسانەدا کۆمەڵێك زاراوەی تایبەت بەکاردەهێنرێ کە واتای تیۆریکییان لە یەکتر جیاوازە، وەك بەو شێوەیەی لای توێژەرە کوردەکانەوە هاتووە؛ کە لە سەرەوە ناومان هێناون.

### ٤ـ٤ـ ڕوانینی نوێ بۆ بنجۆرە ئەدەبییەکان

گومانکردن لە بوونی ئەدەبی ئێپیکی، یان حەماسە لە لای نووسەرانی کورد بە شیعری چیرۆکی، داستان، جووت‌سەروا، یان بەیت ناوی لێ‌براوە، لە بەرامبەر خوێندنەوەی تیۆریی نوێ، بە تەواوی ڕێگە بەرەو دابەشکردنێکی دیکە خۆش دەکا کە تەواو جیاواز دەبێ لە دابەشکردنی ناو ئەزموونی کوردی، کە شیعری لیریکی و ئێپیکییە. ئەگەر دابەشکردنە نوێیەکەش بریتی بێت لە شیعری لیریك و شیعری فێرکاری، پێویستە ئەم کێشەیە ڕوون بکرێتەوە کە ئەو بەرهەمانەی تا ئێستا بە شیعری چیرۆکی، داستان، مەسنەوی، یان بەیت ناویان لێ‌براوە، دەچنە کام خانەوە و ئایا بۆخۆیان چەشنێکی سەربەخۆ پێکدەهێنن، یان دەبنە ژێرچەشن. کەواتە ناکرێ هەر تەنیا باسی دوو چەشنی لیریک و فێرکاری بکرێت. لێرەش جۆری سێیەم بزرە کە بریتییە لە ئەدەبی دراماتیك کە لە لای گۆران بە هەڵبەستی تەماشا و لە لای عەلائەدین سەجادی بە شیعری لاسایی هاتووە و لە لای هەندێکی دی بوونی نییە. لە ڕوانگەی هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە ئێپیک چەشنێکی ئەدەبیی سەربەخۆیە، لە ڕوانگەی هەندێکی دیکەوە بنجۆرە و زیاتر بە فۆرمە ناوەکییەکەی، یان تێمەکەی دەستنیشان دەکرێ، واتە ناوەڕۆکی بابەتەکە بڕیار لە جۆرەکەی دەدات.

شیعری فێرکاری لە ڕوانگەی زۆربەی ئەو توێژەر و مێژوونووسە ئەدەبیانەی تا ئێستا ناویان هاتووە باسی لێ‌نەکراوە؛ بەڵام هەندێ توێژینەوەی نوێ بە ئاشکرا و بە ڕوونی ناویان دەبەن و پێناسەیان دەکەن و نموونەشی بۆ دەهێننەوە، چ لە ئەدەبی کلاسیک و چ لە ئەدەبی نوێدا. گۆران پێناسەی ئەم بنجۆرە ئەدەبییە لەگەڵ هەڵبەست «نظم» تێکدەکاتەوە و هەر دووکیان هەمان شتن؛ بەو مانایەی لەم جۆرە شیعرە پەیامی شیعرەکە ئامانجی سەرەکییە، نەك تێم و شێوازی گوتن. ئەوان بە هیچ جۆرێك

وەك جۆرێکی سەربەخۆ باس لە شیعری فێرکاری ناکەن. ئەم دابەشکردنەش جیاوازە لە ڕوانگەی نووسەران و ڕەخنەگران و مێژوونووسانی کوردە کە تەنیا وەك لیریك و ئێپیك باسیان لەسەر کردووە. لەگەڵ ئەم ڕوانینەدا وەك لە سەرەوەشدا هاتووە، جۆری ئەدەبیی ئێپیك پاشەکشە دەکا. هۆکاری ئەمەش لە پلەی یەکەمدا پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەدەبی کوردییەوە هەیە کە ئەم تایبەتمەندییەش بۆ هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە؛ ئەویش تایبەتمەندیی سۆسیۆسایکۆلۆژی، یان لایەنی کۆمەڵایەتی- دەروونیی کوردییە. ئەم تایبەتمەندییەش لە چوارچێوەی تایبەتمەندیی ڕۆژهەڵاتیانەوەیە کە بۆچی تەنیا ئەم دوو جۆرە هەیە، بۆچی لە ئەدەبی کوردیدا ئەدەبی حەماسی و دراماتیك بەو شێوەیەی لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا دەرکەوتوو، بوونێکی دیاری نییە؛ چ لە ناو بەرهەمهێنانە ئەدەبییە هاوچەرخەکاندا و چ لە نەریتە ئەدەبییە کۆنەکاندا.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەدەبی فێرکاری، ئەدەبێکە خاوەن ئامانج و ئاراستەیەکە بیر و بۆچوونێکی ئایینی، سیاسی، ئیدیۆلۆژی و بە گشتی کولتووری (ڕۆشنگەری، زانستی و مەعریفی) و پێداویستیی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ دابین دەکا. لەو بڕوایەدام لە ڕووی تێمەوە ئەدەبی فێرکاری، یان شیعری فێرکاری، دابەشبوونی تێدا نییە و ئەو پەیامەی جیاواز لە تێمی شیعری لیریك هەڵی گرتووە. تێم و واتای جۆری لیریك بۆخۆی و بۆ دەرەوە دەگەڕێتەوە؛ هەرچی شیعری فێرکاریشە تێمێکی هەیە؛ تەنیا ڕووی لە دەرەوەیە، بەو مانایەی زاتی شاعیر قسە لەگەڵ ئەوانیتر دەکا، نەك لەگەڵ خۆی و ئەو تایبەتمەندییەی دوایی لە شیعری لیریکدا زۆر زاڵە. ئێمە لەو بڕوایە داین ئەدەبی فێرکاری، یان شیعری فێرکاری دەکرێ وەك فۆرمێك لە قەڵەم بدرێ کە لە جۆرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ نزیك بێتەوە.

شیعری فێرکاری جۆرێکی شیعریی کۆنە. مێژووی ئەم جۆرە شیعرە لە ناو مێژووی ئەدەب بە گشتی و شیعری کوردیدا بە تەواوی ڕوون و ئاشکرا نییە. مەبەست و ئامانجی سەرەکیی شیعری فێرکاری بریتییە لە فێرکردن، فێربوون، خوێندن و گەیاندنی وانەیەکی فەلسەفی، سیاسی، ئەخلاقی، ئایینی، زانستی و تەکنیکی و هتد. ئەگەر لایەن و تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شیعرە ئاسانی هەڵگرتن بێت لە تۆمارکردن، دەبینین وێڕای ئەم کارێکتەرە شیعر لە سەرەتاوە بۆ ئەوە بەکارهاتووە، وانەیەک بگەیەنێ. شیعری ستایشی - ئایینی، دەچێتە ئەو بوارە، بێگومان شیعری ستایشی - سیاسیش کە عەلائەدین سەجادی پێی وایە لە ئەدەبی کوردیدا کەمە، بە هەر هۆکارێکی سیاسیش کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی مێژووی کوردەوە هەیە، کەمە.

سەرەتاکانی شیعری فێرکاری لە ئەدەبی یۆنانی هەر وەکو لە سەرەوەدا هاتووە لە لایەن ئەفلاتوون و ئەرستۆوە باسی کراوە. لە لای ئەفلاتوون بە شیعری لاساییکەرەوە لە قەڵەم دراوە و لە لای ئەریستۆش بە رای گشتی، یان وەك شارەزایەك لە سروشت و مرۆڤی دادەنێ. چیرۆکەکانی *ئیزۆپ* لە ئەدەبی یۆنانی کۆندا نموونەیەکی جوانە بۆ شیعری فێرکاری. بەرهەمێکی دیکەی زۆری شیعری پەند و حیکمەتئامێز هەن کە لەسەر دەستی کسێنۆفۆن و پارمێندیاس و ئەمپێدۆکلیس نووسراون. ئەمانەش کۆمەڵێك بوار دەگرنەوە؛ وەك شیعری فەلەکی (ئەستێرەناسی) شیعری کەشناسیی (وەك *پێشبینییەکانی ئاراتۆس*)، بەڵام لە شیعری لاتینی شاکاری گەورەی شیعری فێرکاری هەیە و دەتوانرێ لەم ڕووەوە بە سەردەمی زێڕینی ئەم جۆرە شیعرە دابنرێ، وەك نموونەی شیعری لۆکرێس کە تایبەتە بە پیشاندانی فەلسەفەی ئێپیکۆرۆس، یان وەک شیعری ناسراوی «*جیۆرجیك*» ی ڤیرژیل کە تایبەتە بە کێڵان و کشتوکاڵ و پیت و بەرەکەتی زەوی. هەروەهاش، کتێبی *هونەری شیعری* هۆراس و کتێبی *هونەری خۆشەویستی*- ی شاعیری گەورە ئۆڤید (نووریسیێ ١٩٩٧: ١٩٠).

نموونەکانی ئەدەبی فێرکاری تا دوا سەدەکانی ناوەڕاست درێژە دەکێشێ. لە سەردەمی لاتینی نوێشدا نموونەی ئەم جۆرە شیعرە زۆرە، وەك شیعرە زانستییەکانی پیلۆتیێ دومانس، چیرۆکەکانی لافۆنتێن و *هونەری شیعری* بوالۆ. شیعری فێرکاری لە سەدەی هەژدەهەمدا بەرگێکی دیکە لەبەر دەکا و نوێبوونەوەیەکی دیکە بە خۆیەوە دەبینێ. لێرەش نموونە زۆرە، وەك شیعری *ئاخاوتنێك لە بارەی مرۆڤەوە* و *قەسیدەیەك لە بارەی کارەساتی لیشبۆن* ی ڤۆلتێر و زۆری تر. لە مێژووی ئەدەبی ئەورووپیدا وای بۆ

دەچوون کە شۆڕشی ڕۆمانتیزم کۆتایی بە شیعری فێرکاری هێناوە. تا بەر لە ڕۆمانتیزم، شیعری کلاسیکی فەرنسی و شیعری نیۆکلاسیکی ئینگلیسی لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدەهەدا بایەخی زۆریان دەدایە شیعری فێرکاری. ڕۆمانتیزم وەک بزاوتێکی کاریگەر لە بەشە جیاجیاکانی ئەدەبی ئەورووپیدا خۆی بە توندی لە شیعری فێرکاری دوورخستەوە. کۆتاییپێهێنان و دەرکردنی بڕیاری مەرگی شیعری فێرکاری بە شێوەی ڕاستەوخۆ و جیدی دەگەڕێتەوە بۆ شارل بۆدلێر[1] کە لایەنی فێرکردن و زانستی لە شیعردا بە جادو و ئەفسانە لە قەڵەم دەدا. لەم ڕووەوە بۆدلێر دەڵێ: «شیعر ناتوانێ لاسایی زانست بکاتەوە، ئەگەر ئەمە بکا، خۆی فەرمانی مەرگ بۆ خۆی دەردەکا، شیعر سەر بە حەقیقەت نییە و شتێکی لەم جۆرەشی هەڵنەگرتووە، شیعر تەنیا سەر بە خۆیەتی» (نووریسیێ[2]۲۰۰۱:۱۹۰).

شیعری فێرکاری لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویێکی هەیە. لە لای بەختیار سەجادی لە *مێژووی ئەدەبی کوردی*دا گەرچی لە شیعری یاریدا، وەک یەکەم ڕێبازی ئەدەبی گۆرانی لە ڕووی مێژوویییەوە، هەست بە هەندێ نموونەی شیعری فێرکاری دەکرێ؛ بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو نموونانە بە زارەکی بوونە، سەرەتاکانی شیعری فێرکاری لە ئەدەبی گۆرانیدا دەگەڕێتەوە بۆ شیعری پێداهەڵگوتن و وەسفی مەلا پەرێشان و غوڵامڕەزا ئەرکەوازی. لە شیعری فێرکاری ئایینزای شیعەدا و بە هەمان شێوەش لە شیعری فێرکاری ئایینی سونەدا سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ مەهجووری و فەقێ قادری هەمەوەند. سەجادی پێی وایە باشترین و بەناوبانگترین نموونەی شیعری فێرکاری لە بەرهەمی مەلا خدر ڕواریدا دەرکەوتووە بە ناوی «ڕۆڵە بزانی» (۷۸: ۲۰۱۵).

لە ڕوانگەی بەختیار سەجادی- یەوە، «ئەدەبی فێرکارانەی ئایینی» خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندە لە ڕێبازی گۆرانیدا و بە زۆری دەرکەوتووە و بەسەر چەندین بنجۆری دیکەی ئەدەبیدا دابەش دەکرێ کە بریتین لە مناجاتنامە، عەقیدەنامە، مەلوودنامە، مێعراجنامە و شیعری پێداهەڵگوتن. سەبارەت بە «شیعری چیرۆکی» کە عەلائەدین سەجادی باسی لەسەر دەکا. سەجادی کەڵک لە زاراوەی «چیرۆکەشیعر» وەردەگرێ و وەکو بنجۆرێکی ئەدەبی لە قەڵەمی دەدا کە لە سەدەی هەژدەهەمی زایینیدا لە هەر دوو نەریتی گۆرانی و کورمانجیدا گەیشتۆتە لووتکە. ئەو پێی وایە ئەدەبی حەماسی بەو مانایەی لە ئەدەبی یۆنان و ڕۆمی کەونارا و تەنانەت لە ئەدەبی فارسیدا دەرکەوتووە؛ لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوەی تەواو لە ئارادا نییە و ئەو نموونانەش لەبەردەستن هەرکامیان لە ڕوانگەیەکەوە بە تەواوی ناتوانن کۆی تایبەتمەندییەکانی ئێپیک دەستەبەر بکەن. سەجادی تەنانەت ئاماژە بۆ دەستەواژەی «داری چەشنناسانە» دەکا و هەوڵ دەدا لقوپۆپەکانیشی دیاری بکا. ئەو لە هەنگاوی یەکەمدا ئەدەبی زارەکی لە نووسراو جیادەکاتەوە و جۆر و بنجۆرەکانی هەر کامیان دەستنیشان دەکا.

لە ئەدەبی کورمانجیشدا سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەزیری و دواتر خانی. مەولوودنامەکان، عەقیدەنامەکان، هەندێ لە نامە شیعرییەکان و شیعرە ئایینییەکان و تێکڕا بەشێکن لە شیعری فێرکاری. لە سەرەتای ئەم ئەزموونەدا دوو نموونەی باشی شیعری فێرکاریمان لە ئەدەبی کوردیدا هەیە. کتێبی یەکەم بۆ سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە و ئەویتریش بۆ سەدەی نۆزدە. ئەمانەش *نۆبەهار*- ی ئەحمەدی خانی و *لوغەتنامەی ئەحمەدی* بەرهەمی شێخ مارفی نۆدێ- یە. دەتوانین باس لە نموونەیەکی تازەیش بکەین، واتە فەرهەنگەکەی مەلا عەبدولکەریم مودەریس کە بە شیعر هۆنیویەتییەوە بە ناوی *دوو ڕشتە: فەرهەنگێکی عەرەبی - کوردییە بە هەڵبەست*. ئەم چەند بەرهەمە، نموونەی بەرچاون بۆ شیعری فێرکاری وەك مێتۆدێك بۆ فێربوون و بۆ نیشاندانی شیعری فێرکاری، وەك بنجۆر، یان ژێرچەشنێکی ئەدەبی.

---

[1] Baudelaire.
[2] Nourissier.

سەردەمی زێڕینی شیعری فێرکاری کوردی لەگەڵ ئەزموونی سەردەمی نوێ دەست پێدەکا، لەگەڵ شیعرەکانی مەولانا و ئەزموونی شیعری حاجی قادری کۆیی. فەلسەفەی مەدەنییەت و ناسیۆنالیزم بە مانا کولتوورییەکەی، پانتاییەکی گەورەیان لە جیهانی شیعریی حاجی قادردا هەیە. تەنانەت لە هەندێ شیعری ئایینیی مەحوویشدا دەرکەوتووە. شاعیرانی شیعری فێرکاری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە پلەی یەکەم لە ڕوانگەی ئێمەوە بریتین لە: مفتی پێنجوێنی، حەمدوون، شیعرە ئایینی و نیشتمانپەروەرییەکانی پیرەمێرد، مستەفا شەوقی و عارف سائیب. پاشان دەبێ بە ناو ئەزموونی هەندێ شاعیر و نووسەری ناوەڕاستی سەدە تێپەڕین، وەک بێخود، دڵدار، فایەق بێکەس، سروود و شیعرە نیشتمانپەروەرییەکانی ئەحمەد موختار جاف، ئیبراهیم ئەحمەد و شیعری پێشەنگی گۆران لە کۆتاییەکانی ئەزموونی شیعریی خۆیدا. هەروەهاش شیعرە نیشتمان پەڕوەرییەکانی ع. ح. ب. و ع. ع. شەونم لە شەست و هەفتاکاندا نموونەی بەرچاوی شیعری فێرکارین. لە پاڵ ئەمانەشدا، بەشێکی زۆری بەرهەمی پەشێو دەچنە ئەم خانەیەوە، کە لە ڕوانگەی ئێمەوە زۆربەی شیعری پەشێو لایەنی واتایی و فێرکارانەیان هەیە؛ بەڵام بە سیمایەکی لیریکی و شێوازێکی شیعری نوێ دەریخستوون. هەروەهاش بەشێکی ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەس لەم پۆلەدا جێگیر دەکرێ. لە تێکستەکانی ئەدەبی منداڵانیشدا سروودەکان و شیعر بۆ منداڵان و مێردمنداڵان نموونەی جوانی شیعری فێرکارانەیانن تێدا دەبینرێ.

سەبارەت بە دەرکەوتنی شیعری دراماتیک دەتوانین بڵێین ئەو جۆر ئەدەبییە لە وێژەی کلاسیکی کوردیدا کەمترین گرنگیی پێدراوە؛ بەڵام بە هاتنە ئارای سەردەمی نوێ و ئەدەبی نوێبوونەوە ئەمەشیان وەک چەشنە ئەدەبییەکانی گەشەی کرد. گەرچی لە ئەدەبی زارەکیدا هەست بە چەندین فۆرمی جیاجیا دەکەین کە تێیاندا وتوویژ بەکارهاتوون و ئەمەش لە هەندێ لە یارییە فۆلکلۆرییەکاندا دەرکەتووە؛ بەڵام زۆربەی توێژەران لەسەر ئەو باوەڕەن لە یەکەم نموونەی بنجۆری دراماتیک لە ئەدەبی کوریدا ئەو تێکستە شانۆییەیە کە لایەن عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاری- یەوە نووسرا. هەکاری دەقەکەی لە ساڵی ١٩١٨دا نووسی و لە دەستپێکی ١٩١٩ لە ئەستەمبۆڵ بڵاوی کردەوە و بەم شێوەیەش یەکەم نموونەی ئەدەبی دراماتیک بە شێوەی مۆدێرن لە وێژەی کوردیدا دەرکەوت.

ئەو سەرەتا گرنگ و جێگای سەرنجەی ئەدەبی دراماتیک لەبەر سێ هۆکاری سەرەکی نەیتوانی خێرا گەشە بکا؛ هۆکاری یەکەم ئەو دابڕانە گەورەیە بوو لە ئەدەبی نووسراوی کوردی لە تورکیا و پاش هاتنە سەر حوکمی مستەفا کەماڵ ئەتاتورک هاتە ئاراوە کە ئاراستەی ئەدەبی کوردی بۆ ماوەی زیاتر لە نیوسەدە گۆڕانکاریی بەسەردا هات. هۆکاری دووەم گۆڕانکارییە هزرییەکانی خودی هەکاری بوو کە چەند ساڵێک پاش دانانی ئەو تێکستە تا کۆتایی ژیانی چیدی درێژەی بەو ڕەوت و سەرەتا هەرە گرنگەی نەدا کە بۆخۆی دەستی پێکردبوو. هۆکاری سێیەمیش نەبوونی پێوەندیی تۆکمە لە نێوان دانەران و شاعیرانی کوردی زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی لەو سەردەمەدا بوو. ئەدەبی دراماتیک لە کوردیی ناوەندیدا و زیاتر لە باشووردا پاش شەڕی یەکەمی جیهانی سەرەتاکانی دەرکەوت و دواتر و بەتایبەت پاش شەڕی دووەم وەک بنجۆرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ گەشەی کرد.

### ٥ـ ئەنجام

کە باس لە ئەزموونی کوردی لە بارەی جۆرە ئەدەبییەکانەوە دەکەین؛ ڕاستەوخۆ دەکەوینە ناو دوو کێشەوە کە ئەوانیش زاراوەسازی و تیۆری ئەدەبین. ئێمەی کورد چەند جۆر و بنجۆرێکی ئەدەبیمان هەیە، وەك چۆن لە ئەدەبی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لە لای ئەرستۆ و گۆتە و کارل ڤیێتۆردا هاتووە؛ بەڵام مەرج نییە جۆر و بەتایبەت بنجۆرەکان لە ئەدەبی میللەتاندا وەک یەک بن. لای توێژەرە کلاسیکییەکانی ڕۆژئاوا، کێشەی جۆرەکانی ئەدەب بە پلەی یەکەم دەبەسترێتەوە بە جۆرەکانی شیعرەوە.

هەمان دیاردەی تیۆریش لە لای توێژەرانی کوردیشدا هەیە بەتایبەت لە نەوەی یەکەمی ئەو توێژەرانەدا، وەک نووسینە پێشەنگەکان گۆران و عەلائەدین سەجادی، مارف خەزنەدار و عەزیز گەردی. بۆ شیعری لیریکی وەک زاراوەیەکی جیهانی، هەندێ زاراوەی کوردی وەک لیریکی، هۆنراوی گۆرانی، شیعری لیریکی و شیعری غنایی بەکارهاتووە. بۆ شیعری فێرکاری هەڵبەست (نظم) و شیعری فێرکارانە بەکارهاتووە. هەموو فۆرمە شیعرییەکانی وەک پۆیەما، غەزەل، قەسیدە، چامە، سەر بەو جۆری لیریکن. بەرامبەر بە ئێپیک- یش وەک زاراوەیەکی جیهانی، ئێپیک خۆی بەکاردێ لەگەڵ هۆنراوی شەڕوشۆڕ، شیعری چیرۆکی، داستان، جووتسەروا، مەلحەمە، بەیت، شانامە، ئەدەبی حەماسی و پاڵەوانی (لێرەوە حەماسە لە ڕوانگەی ئێمە زیاتر بەرانبەر بە ئێپیک دەوەستێ). ئەمانەش هەموو ئەو جۆرە شیعرانە دەگرنەوە کە لە شێوەی داستان، بەیت، مەسنەوی، شانامەدا هەن.

لە ڕوانگەی توێژەری دیکەوە هەموو جۆرە ئەدەبییەکان لە ئەزموونی ئەدەبی کوردیدا بریتین لە: شیعری لیریکی، وەک جۆرێکی سەرتاپاگیر و گشتگیر، لەگەڵ بەشێکی زۆر لە شیعری فێرکاری. ئەدەبی دراماتیکی، یان شیعری دراماتیک، کە لە لایەن هەندێکیان بە شێوەی شیعری شانۆیی بەکارهێنراوە، لە لای گۆران بە هەڵبەستی چیرۆکی، یان بە شیعری تەماشا، یان تەمسیلی و لە لای عەلائەدین سەجادی بە شیعری لاسایی دێ. لە ڕوانگەی گۆرانەوە ئەم جۆرە ئەدەبیە (یان ئەم جۆرە شیعرە) لە شیعری نوێی کوردی و ئەدەبی نوێی کوردیی سەدەی بیستەمدا هەیە. گۆران پێی وا بوو ئەدەبی کوردی لە نوێبوونەوەدایە و بەرەو ڕیالیزم دەڕوا، وەک چۆن لە وتارەکانی خۆیدا پشتگیری لێدەکات. بە پێچەوانەوە سەجادی گومانی هەبوو ئەم جۆرە ئەدەبە لە ئەدەبی کوردیدا هەبێ و پێی وا بوو ئەم جۆرە بەشێکە لە شیعری شەڕوشۆڕ و گۆرانی. لە زاراوەی کورمانجیدا سەرەتاکانی ئەدەبی دراماتیک لەسەر دەستی عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاری دامەزرا و دواتریش لە ئەدەبی کوردیی ناوەندیدا گەشەی کرد. ڕوانینە نوێکان لەبارەی جۆر و چەشنە ئەدەبییەکانەوە لەسەر دەستی کۆمەڵێ توێژەرەی ئێستا پێشکەش‌کراون. ئەوان جۆر و بنجۆر و فۆرمە ئەدەبییەکان پێناسە و پۆلێنبەندی دەکەن و هەوڵ دەدەن لە هەر دوو ئەدەبی کۆن و نوێدا نموونە بۆ ئەو بەشانە بدۆزنەوە. گەشەکردنی پەیوەندییەکان بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە وای کردووە توێژەرانی کوردی پارچە جیاجیاکانی کوردستان و هەندەرانیش ئاگاداری بەرهەم و ڕوانگەی یەکتر بن؛ هەر بۆیەش کە باسی جۆرە ئەدەبییەکان دەکرێ، هەوڵ دەدرێ نموونەیان لە هەموو ڕێباز و شێوەزارە جیاجیا کوردییەکان بۆ دەستەبەر بکرێ.

**سەرچاوەکان**


کوردی

سەجادی، بەختیار و محەمەد مەحموودی (٢٠٠٤). *فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی*. هەولێر: ئاراس.

--- (١٣٩٥). *مێژووی ئەدەبی* کوردی. سنە: زانکۆی کوردستان، نامیلکەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەجادی، عەلائەدین (١٣٩١). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. چاپی سێیەم. سنە: کردستان.

--- (١٩٧٠). *نرخشناسی*. بەغدا.

قادر محەمەد، ئەنوەر (٢٠٠٤). *چەند وتارێکی کوردناسی*. سلێمانی: سەردەم.

گەردی، عەزیز (١٩٩٩). *کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە)*. هەولێر.

گۆران، عەبدوڵا (٢٠٠٢). *گۆران: نووسین و پەخشان و وەرگێردراوەکانی*، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا. چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.

--- (٢٠٠٣). *دیوانی گۆران*. چاپی سێیەم. تاران: داڵاهۆ، پانیز.

عومەر، موحسین ئەحمەد. (٢٠١٢). *فەرهەنگی ئەدەبی*. سلێمانی: ڕەخنەی چاودێر.

خەزنەدار، مارف. (٢٠٠١). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. هەولێر: ئاراس

مودەریس، مەلا عەبدولکەریم (١٣٩١). دوو ڕشتە. *فەرهەنگێکی عەربی کوردییە بە هەڵبەست*. چاپی دووەم. سنە: کردستان.

فارسی

احمدی، جمال (١٣٩٤). *تاریخ ادبیات کردی*. سنندج.

سجادی، بختیار (١٣٩٥). *فرهنگ اصطلاحات تخصصی نقد و نظریه ادبی (انگلیسی- فارسی- کردی)*. سنندج: دانشگاه کردستان.

--- (١٣٨٥). *کلیات تاریخ ادبیات کردی: از آغاز تا جنگ جهانی اول*. سنندج: پژوهشکده کردستان‌شناسی دانشگاه کردستان.

--- (١٣٩١). *ادبیات معاصر کردی: چهرەها و آثار برجسته*. سنندج: پژوهشکده کردستان‌شناسی دانشگاه کردستان.

فرەنسی

Ducrot. O. et Todorov. T. (2002). *Dictionnaire encyclopédique des sciences du langage*. Ed. Du Seuil.

Compagnon, Antoine (1998). *Les démons de la théorie*. Editions du Seuil.

Combe, Dominique (1992). *Les genres littéraires*. Hachette.

Genette, Gérard et les autres (1986). *Théorie des genres*. Editions du Seuil .

Nourissier, F. (2001). Dictionnaire *Des genres et notion littéraires*. Albin Michel.

Tamine. J. G. Hunert. M. C. (2004). *Dictionnaire de critique littéraire*. Armand Colin.

Todorov, Tzvetan (1987). La notion de littérature et autres essais. Editions du Seuil .